# دەنگسـازی

پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی سێیەم       ٢٠١٦

* ناوی کتێب: دەنگسازی
* نووسینی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
* تایپیێست و نەخشەسازی: کۆچەر ئەنوەر
* بەرگ: جومعە سدیق
* چاپ: سێیەم ٢٠١٦
* چاپخانە: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ : ٣٠٠٠ دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پێدراوە.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی ئاوێر ژمارە(١١١)

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

# ناوەرۆک

پێشەکی........................................ ٨
فۆنەتیک........................................ ٩
چەمک و پێناسەی فۆنەتیک........................ ٩
لقەکانی فۆنەتیک................................. ٩
١ـ فۆنەتیکی فیزیکی.............................. ١٠
٢ـ فۆنەتیکی درکاندن............................ ١١
٣ـ فۆنەتیکی بیستن............................... ١٢
٤ـ فۆنەتیکی تاقیکردنەوە......................... ١٢
دەنگ و پیت و فۆنیم............................. ١٣
پەیوەندی نێوان دەنگ و پیت و فۆنیم............. ١٣
پیتەکانی زمانی کوردی........................... ١٥
١ـ پیتە بزوێنەکان................................ ١٨
خاسیەتی پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا....... ٢٠
٢ـ پیتە نەبزوێنەکان............................. ٢٣
خاسیەتی پیتە نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا..... ٢٤
جیاکردنەوەی پیتەکانی زمانی کوردی.............. ٢٧
گیروگرفتی هەندێ لە پیتەکانی زمانی کوردی....... ٢٩
خوێندنەوەی پیتەکانی زمانی کوردی............... ٣٢
هەندێ لایەنی جیاوازیی دەنگیی.................. ٣٤
جووتۆکە........................................ ٤٠

هێشووە دەنگ ........................................٤٠
دووبارەکردنەوە ـ گیرە..........................................٤٠
سیمای جیاکەرەوە..........................................٤١
١ـ دەنگی گڕ..........................................٤١
٢ـ دەنگی کپ..........................................٤٢
٣ـ خشۆکی دەنگ..........................................٤٢
ا ـ خشۆکی ستوونی..........................................٤٢
ب ـ خشۆکی ئاسۆیی..........................................٤٣
٤ـ وەستاو..........................................٤٣
گوێ..........................................٤٤
١ـ گوێی دەرەوە..........................................٤٤
٢ـ گوێی ناوەڕاست..........................................٤٤
٣ـ گوێی ناوەوە..........................................٤٥
بڕگە..........................................٤٦
چەمک و پێناسەی بڕگە..........................................٤٦
ناوکی بڕگە..........................................٤٧
جۆرەکانی بڕگە..........................................٤٧
١ـ بڕگەی کورت..........................................٤٨
٢ـ بڕگەی درێژ..........................................٤٨
٣ـ بڕگەی کراوە..........................................٤٨
٤ـ بڕگەی داخراو..........................................٤٨

٥. بڕگەی فۆنەتیکی........................................٤٨
٦. بڕگەی فۆنۆلۆجی......................................٤٩
تایبەتمەندییەکانی بڕگە.....................................٥٠
قاڵبی بڕگە.......................................................٥١
ئەندامەکانی ئاخاوتن................................... ٥٥
١. مەڵاشوو...........................................................٥٥
ا. مەڵاشووی نەرم.............................................٥٦
ب ـ مەڵاشووی ڕەق...........................................٥٦
٢. پووک..............................................................٥٦
٣. زمانۆچکە......................................................٥٧
٤. زمان..............................................................٥٧
ا. نووکی زمان.....................................................٥٧
ب ـ پێشەوەی زمان .........................................٥٨
ج ـ ناوەڕاستی زمان.........................................٥٨
د ـ ڕەگی زمان.................................................٥٨
ە ـ دواوەی زمان...............................................٥٨
٥. هەناسەوەرگرتن..............................................٥٨
٦. قوڕگ .............................................................٥٩
٧. ژێیەکان..........................................................٥٩
٨. گەروو.............................................................٦٠
٩. سازگەی دەنگیی ..........................................٦٠

١٠ـ ناوپەنچک..........................٦١
ترپە ..........................................٦١
هێز.............................................٦٢
ئاوازە..........................................٦٢
ئەلۆفۆن (شێوەی فۆنیم)......................٦٣
مۆرف...........................................٦٥
مۆرفیم.........................................٦٧
چەمک و پێناسەی مۆرفیم.....................٦٧
تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم...................٦٨
جۆرەکانی مۆرفیم............................٦٨
ئەلۆمۆرف.....................................٧٠
هۆکارەکانی بوونی ئەلۆمۆرف.................٧٠
فۆنۆلۆجی......................................٧٦
چەمک و پێناسەی فۆنۆلۆجی....................٧٦
یاساکانی دەنگ لە زمانی کوردیدا...............٧٧
یەکەم: گونجانی دەنگ..........................٧٧
دووەم: تێچوونی دەنگ.........................٨١
سێیەم: پەیدابوونی دەنگ......................٩١
چوارەم: گۆڕینی دەنگ.........................٩٥
پێنجەم: جێگۆڕکێی دەنگ......................١٠٣
سەرچاوەکان.................................١٠٦

# پێشەکی

دەنگسازی ئەو زانستەیە کە لە هەردوو لقە زانستەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دەکۆڵێتەوە. فۆنەتیکیش لقێکە لە زانستی دەنگ، کە لە پەیدابوونی دەنگ و ژمارەی دەنگەکان لە هەر زمانێکدا دەکۆڵێتەوە. هەروەها ئاماژە بەو کەرەساتە دەکات کە بەشداری لە دروستکردنی دەنگ دەکات، بەتایبەتی (دەم، لووت، مەلاشوو، ...)، کەواتە بەکورتی فۆنەتیک لایەنی تیۆریی دەنگ دەگرێتەخۆ. فۆنۆلۆجیش لقێکە لە زانستی دەنگ، تیایدا ئاماژە بە یاساکانی دەنگ دەکات، وەکو:(یاساکانی پەیدابوونی دەنگ، تێچوونی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ،.. هتد). بەو واتایەی فۆنۆلۆژی لایەنی پراکتیکی دەنگ دەگرێتەخۆ.

ئەم کتێبەش هەوڵدانێکە لە خستنەڕووی لایەنە گرنگەکانی بواری دەنگسازی، بەو واتایەی بەشێوەیەکی کورت و پوخت هەموو لایەنەکانی بواری دەنگسازیمان خستۆتەڕوو.

دانانی ئەم کتێبەش پەیوەستە بە کەمی کتێبی بواری دەنگسازی بە زمانی کوردی، بەداخەوە کتێبخانەی کوردی لە بواری دەنگسازیدا زۆر هەژارە، بۆیە ئەم کتێبە وەک دەستپێکێک هەوڵدەدات شوێنێک لە کتێبخانەی کوردی داگیربکات و ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی لە

قوتابخانەکانی کوردستان و قوتابییان و مامۆستایانی بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان.

# فۆنەتیک

## چەمک و پێناسەی فۆنەتیک

فۆنەتیک لە وشەی (phonetikos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە ئەم وشەیەش لە (Phone)ەوە هاتووە، کە واتای (دەنگ) دەگەیەنێت، کەواتە (فۆنەتیک) واتای (زانستی دەنگ) دەگەیەنێت، فۆنەتیک ئەو بەشە گرنگەی زمانناسییە، کە لە دەنگ دەکۆڵێتەوە، بەجۆرێک لە دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە.[١]

کەواتە فۆنەتیک لقێکە لە زانستی دەنگ، کە لە پەیدابوونی دەنگ و ژمارەی دەنگەکان لە هەر زمانێکدا دەکۆڵێتەوە، هەروەها ئاماژە بە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکات کە بەشداری لە دروستکردنی دەنگدا دەکەن، وەک: (دەم، لووت، ددان، لێو،.. هتد).[٢]

[١]. وریا عومەر ئەمین، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، گ. کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی (بیستەم)، ١٩٨٩، ل ٢٣٩.

[٢]ـ نەریمان خۆشناو(د)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل ١٥.

## لقەکانی فۆنەتیک

فۆنەتیک چوار لقی سەرەکی لەخۆوە دەگرێت، کە هەریەکەیان لایەنێک لە لایەنەکانی بواری فۆنەتیک دەگرێتەوە، کە بەمشێوەیەن:

### ١. فۆنەتیکی فیزیکی

فۆنەتیکی فیزیکی ڕواڵەت و ناوەرۆک و چۆنیەتی دروستبوونی شەپۆڵی دەنگ و چۆنیەتی ڕۆیشتنی ئەو شەپۆلانە دەگرێتەوە، دەنگ لە شێوەی شەپۆلدا بەهۆی جووڵانەوەی هەواوە دروست دەبێ.جووڵانەوەی هەواش لە جوڵانەوەی یەکەم کۆمەڵە گەردیلەی هەواوە دەست پێدەکات، کە نزیکی هەردوو لێوە یا نزیکی زارە، ئینجا کۆمەڵی یەکەمی گەردیلە، بەرە بەرە کۆمەڵی دووەم دەبزوێنێ و دووەمیش سێیەم دەخاتەگەڕ.. هتد. بەمشێوەیە دەنگەکان لە چەشنی شەپۆڵدا تا ماوەیەکی تایبەتی دەڕۆن، ئینجا شەپۆلەکان بەرە بەرە بێهێز دەبن و دادەمرکێنەوە، پێش ئەوەی ئەم شەپۆلانە دامرکێنەوە، دەچنە گوێی ئەو کەسانەوە، کە لە سنووری ڕادەی ڕۆیشتنی ئەو شەپۆلانەدان.[١]

دەنگ بریتییە لە کۆمەڵێک شەپۆل بە هەوادا دەڕوات، خێرایی ئەو کۆمەڵە شەپۆلەی دەنگ پێکدێنن، دەگاتە (١١٠٠) پێ لە یەک

---

[١]- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٤، ل ٢٣.

چرکەدا، بەمجۆرە شەپۆلی دەنگ بەهۆی لەرینەوەی ئەم تەنەوە یان لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا پێکدێت، هەروەک دروستبوونی هەر دەنگێکی زمان، یاخود لە شێوەیەکی ناڕێکدا سازدەبێت، وەکو (هەرا، گڤە گڤ...هتد). شەپۆلەکانی دەنگ ساکاربن یان ئاڵۆز بە خوول دەڕۆن، ڕۆیشتنی یەکەم کۆمەڵی گەردیلەی هەوا و گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی پێی دەوترێت (خوول).[١]

خوولەکانی دەنگیش لە زماندا بەشێوەیەکی تەواو یەک لەدوای یەکەوە نایێن، بەتایبەتی نەبزوێنەکان، لەبەر ئەم هۆیە بە نەبزوێنەکان دەوترێت (دەنگە ناڕێکەکان)، هەرچی بزوێنەکانە، تا ڕادەیەک خولەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و یەک لەدوای یەکەوە دێن، لەبەرئەوە بە بزوێنەکان دەوترێت (دەنگە ڕێکەکان)، بەمجۆرە نەبزوێن و بزوێنەکان لە فۆنەتیکی فیزیکدا جیادەکرێنەوە.

## ٢. فۆنەتیکی درکاندن

فۆنەتیکی درکاندن چۆنیەتی کارکردن و جووڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، ئەو ئەندامانە هەریەکە لە دروستکردنی هەر دەنگێکدا بەشێوەیەکی جیاواز دەجووڵێتەوە. فۆنەتیکی درکاندن باسی جووڵانەوەی هەر ئەندامێک دەکات و

---

[١]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٨١.

بەپێی ئەو جووڵانەوەیە دەستنیشانی سنووری هەر دەنگێک دەکرێت.[1]

### ٣. فۆنەتیکی بیستن

فۆنەتیکی بیستن ئەرکی گوێ و گەیاندنی ئەو دەنگانەی کە هەڵگری زانیاریین، بەمێشک دەگەیەنێت، بەشێوەیەکی گشتی فۆنەتیکی بیستن لە چۆنیەتی کارکردنی گوێ و ئەندامەکانی گوێ دەکۆڵێتەوە.[2]

گوێی ئادەمیزادیش لە بیستندا سێ ئەرکی هەیە:

١. کۆکردنەوەی دەنگ، کە هەڵگری زانیارییە.

٢. گواستنەوەی دەنگ، یان گەیاندنی ئەو زانیارییانە.

٣. شیکردنەوەی زانیارییەکان.

### ٤. فۆنەتیکی تاقیکردنەوە

فۆنەتیکی تاقیکردنەوە بەشێکی گرنگی زانستی دەنگە، چونکە بەکارهێنانی ئامێر دەگرێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەنگ لەڕووی فیزیکی و جووڵانەوەی ماسوولکەکانی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە لەکاتی دروستبوونی دەنگدا، بەو واتایەی ئەو ئەنجامەی لێرەدا بەدەست دەهێنرێت، دەتوانرێت بکرێت بە

---

[1]- هەمان سەرچاوە پێشوو، ل ٢٧٦ .

[2]- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٤، ل ٣٨.

بەڵگەیەکی سەرەکی، چونکە شیکردنەوە بە پێی ئامێری تایبەت لە قاڵبی تیۆری دەچێتە دەرەوە و شێوەی پراکتیکی وەردەگرێت.[١]

---

[١]- ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، ل ٢٧٣ ـ ٢٧٤.

# دەنگ و پیت و فۆنیم

## پەیوەندی نێوان دەنگ و پیت و فۆنیم

**(دەنگ)** لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن و بەهۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێت.

**(پیت)** وێنەی دەنگە، بە نیشانە لە نووسیندا دیاریکراوە و بەهۆی بینینەوە وەردەگیرێ.

**(فۆنیم)** بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زماندا وشە پێکدەهێن و بە گۆڕان و لابردنیان واتا دەگۆڕن.

فۆنیم لە دەنگ گرنگترە، چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان واتای وشەوە، بۆیە هەموو فۆنیمێک، دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێک، فۆنیم نییە، بۆ وێنە (قیژە، هاوار، قۆڕەی سک، پرخەپرخ، کۆکە...) هەموو دەنگن، بەڵام هیچیان فۆنیم نین.[(١)]

کەواتە فۆنیم ئەو دانە دەنگەیە کە توانای جیاکردنەوە و گۆڕینی واتای وشەی هەیە، واتە بەو دەگانە دەوترێت کە لە زماندا وشە پێکدێنن، بە گۆڕین و لابردنیان واتای وشە دەگۆڕێت یان تێکدەچێت.

---

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٨٦، ل ٨٢.

بەو واتایەی فۆنیم بچووکترین دانەی زمانە، کە ئەرک و واتای نییە، بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

## تایبەتمەندییەکانی فۆنیم

فۆنیم بە هۆی کۆمەڵێ تایبەتمەندییەوە دەناسرێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- بچووکترین دانەی وشە و زمانە کە واتا نابەخشێ.

٢- بچووکترین دانەی زمانە کە ئەرک نابینێ.

٣- ناتوانرێت بۆ دانە و کەرتی بچووکتر لە خۆی کەرت بکرێت.

٤- دەبێ ڕاستی سایکۆلۆژی تێدابێت، واتە خاوەن زمان هەست بە بوونی بکات.

٥- بە گۆڕینی لەگەڵ فۆنیمێکی تر یان لابردنی، واتای وشە دەگۆڕێت یان تێکدەچێت.

٦- لە ژینگەی جیاوازی وشەدا دەردەکەوێت، واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت.

لە زمانی کوردیدا دەنگی /ص، ط/ بوونی هەیە، بەڵام فۆنیم نین، چونکە ناچێتە ناو ڕێنووسی کوردییەوە و واتای وشە ناگۆڕن، بەو واتایەی هەر دەنگێک گەر واتای وشەی گۆڕی، ئەوە بە فۆنیم هەژمار دەکرێت، کەواتە لە زمانی کوردیدا دەنگی (س، ص) دوو شێوەی جیاوازی هەمان فۆنیمن، وەکو:

**ساڵ / ص/**

**سەگ / ص/**

لەم دوو نموونەیەدا فۆنیمی (س)، دەنگی /ص/ لەخۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام (ص) بە فۆنیم هەژمار ناکرێ.

لە دەنگسازیدا جیاوازی هەیە لە نێوان دەنگ و پیت، بەڵام لە زمانی کوردیدا ژمارەی دەنگ و پیت بەرانبەر یەکتر دەوەستن، بەهۆیەوە ژمارەی دەنگ و پیتەکانی زمانی کوردی بەسەر (٣٧) دەنگ و پیت دابەشدەکرێت، ئەم دەنگانەش بەسەر پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان دابەش دەکرێن.

کەچی دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە زمانی کوردیدا هەست بە جیاوازی پیت و دەنگ دەکرێت، بەو واتایەی لە هەندێ شوێندا پیتەکان بە دەنگی تر و شێوەی تر خۆیان دەنوێنن، لەوانە:

١ـ دەنگی /س/ لە هەندێ حاڵەتدا لە خوێندنەوە وەک شێوەی /ص/ دەردەبڕێت، وەک:

سەگ

ساڵ

سەد

٢ـ دەنگی /ک/ ئەگەر پیتی /ێ/ی بە دواوە بێت، ئەوە دەنگەکەی لە خوێندنەوەدا دەبێتە /چ/، وەک:

**کێ**

**کێندەر**

**کێشکە**

٣. دەنگی /گ/ ئەگەر پیتی /ی/ی بە دواوە بێت، ئەوە دەنگەکەی لە خوێندنەوەدا دەبێتە /ج/، وەک:

**گیان**

**گوێ**

**پیتەکانی زمانی کوردی**

هەر زمانێک ژمارەیەکی تایبەتی لە فۆنیم هەیە، کە لەگەڵ زمانێکی تردا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە زمانی عەرەبی (٢٨) دەنگە، کە (١٤) دەنگ کۆمەڵەی ڕۆژە (شمسی) و (١٤) دەنگەکەی تری کۆمەڵەی مانگە (قمری)، و دەنگەکانیش بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەشدەکرێن، (٣) دەنگ بزوێن و (٢٥) دەنگ نەبزوێنە.

لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی لە نێوان پیت و دەنگدا دەکرێت، زمانی ئینگلیزی خاوەنی (٢٦) پیتە، کە (٥) پیت بزوێنە و (٢١) پیت نەبزوێنە، بەڵام (٤٤) دەنگی هەیە، کە بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەش دەکرێن، بزوێنەکانیش بەسەر (بزوێنی تاک دەنگ) و (بزوێنی دوو دەنگ) دابەشدەکرێن، نەبزوێنەکانیش بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن، نەبزوێنە بێدەنگەکان و نەبزوێنە دەنگدارەکان.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلفوبێیانەی ئێستا لە هەموو جیهاندا بەکاردەهێنرێت، هیچ کامێکیان لە بنەڕەتدا بۆ ئەو زمانانە دانەنراون کە بەکاریان دەهێنن و هەموو لە زمانانی ترەوە وەرگیراون . بۆ نموونە ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی و ئەلمانی و فەرەنسی و زۆربەی زمانەکانی تری ئەوروپی لە لاتینییەوە وەرگیراون، لاتینی لە ئیترۆسکانییەوە و ئیترۆسکانی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراون. ئەلفوبێی ڕووسی لە سیریلیکەوە وەرگیراوە و سیریلیکی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە. ئەو ئەلفوبێیەی کە بە عەرەبی ناودەبرێن، لە بنەڕەتدا عەرەبی نییە، لەئارامییەوە وەرگیراوە و ئارامی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراوە، هەمان شت بەجۆرە ئەلفوبێیەکانی تر.[(١)]

گومانی تێدا نییە، کە گەلی کورد لە ڕێگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەم ئەلفوبێیەی وەرگرتووە و وەک نەتەوەکانی فارس و تورک و ئەفغان و ......هتد لەگەڵ زمانەکەی خۆی گونجاندوویەتی، بەجۆرێک ئەو پیتانەی لەگەڵ زمانەکەی

---

[١] ـ وریا عومەر ئەمین(د)، گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی، توێژینەوەکانی کۆنفڕانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، ٢٠١٢، ل ١٤٦.

دەگـونجێ وەریگرتـوون، و ئەوانەی ناگونجێـت، پیتـی تـری لە بەرانبەردا داناون. لەو بیست و هەشت پیتەی زمانی عەرەبی، شەشـیان کە بـریتین لە (ث، ص، ض، ذ، ط، ظ) بـۆ نووسـینی کـوردی لەگـەڵ زمـانی کـوردی نـاگونجێن، بەڵام لە ئاخـاوتنی کرمـانجی سـەروو و ناوەڕاست و هەورامی دوو سێ پیت لەو شـەش پیتـانە بەکـاردێن، بەتـایبەتی پیتـی (ص) لە وشـەی وەک (صەد)، بە هەمان شێوە چەند پیتێکی تر لە زمانی کوردیدا هەن بە (شێوە) و (دەنگ) لە زمانی عەرەبیدا نین:(پ، چ، ڤ، گ، ژ، ڕ، ڵ)، زمانی عەرەبی تەنها سێ بزوێنی هەیە، کە بریتین لە (ا، و، ی)، هەرچی زمانی کوردییە، هەشت پیتی بزوێنی هەیە، کە بـریتین لە ( i، ا، ە، ێ، ی، ۆ، و، وو). زمـانی عەرەبـی( سـەر - فتحـة) و (بۆره - ضمة) و (ژێر - کسرة)ی هەیە، ئەوانە تەواو واتـای وشـە دەگۆڕن، لە بەرانبەردا لە زمانی کوردی لە بریتـی ئەم هێمایانەدا، فۆنیم (بزوێن) هەیە، بەم شێوەیە:

- لە بریتی سەر، فۆنیمی (ە)بەکاردێ.
- لە بریتی بۆر، فۆنیمی (و) بەکاردێ.
- لە بریتی ژێر، فۆنیمی (ی) بەکاردێ.

کەواتە زمانی کوردی تەنها ئەو پیتانەی زمانی عەرەبی وەرگرتووە، کە لەگەڵ پیتەکانی خۆی هاوبەشە و لە ڕووی وشەسازی و دەنگسازی و ڕستەسازییەوەش پەیڕەوی پێکهاتە و سیستەمی زمانی خۆی کردووە. بەمجۆرە بە هاوکاری

ئەلفبێی عەرەبی، زمانی کوردی ئەلفبێیەکی کوردی هەیە و سیما و ئەدگارەکانی زمانی کوردی دەنوێنێ، نەک زمانی عەرەبی.[(١)]

سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەوە دەنگ و پیت یەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەو واتایەی ژمارەی پیت یەکسانە بە ژمارەی دەنگ.

زمانی کوردی خاوەنی (٣٧) دەنگە، کە بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەش دەکرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

## ١. پیتە بزوێنەکان

ئەو پیتانەن کە بە ئاسانی لە دەم دێنە دەرەوە و یارمەتی پیتە نەبزوێنەکان دەدەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بێنە گوتن و دەربڕین. کەواتە پیتە بزوێنەکان بەهۆی ئەو ڕەوتە هەوایەی لە سییەکانەوە دێ و لە دەمدا بەبێ هیچ کۆسپ و بەرهەڵستییەک دێتە دەرەوە.[(٢)]

ژمارەی پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا (٨) پیتە، کە (٧) پیتیان لە ڕێنووسی کوردی وێنەیان هەیە، بەڵام (بزرۆکە ـ i) لە ڕێنووسی کوردی وێنەی نییە، بەڵکو تەنیا لە ڕێنووسی لاتینی

---

[١] ــ سـەلام نـاوخۆش و نەریمـان خۆشـناو، کوردۆلـۆجی، چـاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٠٢ـ ١٠٣.

[٢] ـ ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ل ٢٤.

وێنەی هەیە و دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێنووسی کوردیدا وەک پیتێک هەژمار دەکرێت.

بزرۆکەش ئەو کورتە دەنگەیە، کە دەکەوێتە نێوان دوو نەبزوێن، واتە لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی دروستبوونی نەبزوێنی یەکەم بۆ نەبزوێنی دووەم لەناو دەمدا، نەختێک هەوا دەردەچێ و ئەم بزرۆکەیە دروست دەکات. بۆ نموونە لە وشەی (من)دا، هەردوو دەنگی /م/ و /ن/دا هەوا لە لووت دەردەچێ، بەڵام لە /م/دا جووتبوونی لێوەکان ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە /ن/دا جووتبوونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشوو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەڵام تا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرز دەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشوو، نەختێ هەوا لەمیانی ئەو کرداری ڕاگوێزانەوە دزە دەکات و لە دەم دەچێتە دەرەوە، بەم بڕە هەوایە، بزرۆکە دروست دەبێت. ئەم بڕە هەوایەش ئەگەر لە نێوان دوو دەنگی کپ بێت، وەکو: (خت، کش، چک، پف، کپ،.. هتد) بە کپی دەردەچێ و ئەگەر لەنێوان دوو دەنگی گڕ بێ، بە گڕی دەردەچێ، وەک:(من، ژن، گڤ، بن، کن،...هتد).[١]

پیتە بزوێنەکانیش بەسەر دوو جۆر دابەش دەکرێن، بەمشێوەیە:

---

[١] ـــ عەبـــدوڵڵا حوســـێن ڕەســـووڵ(د)، بە کـــام ئەلفـــوبێ بنووســـین، توێژینەوەکانی کۆنفڕانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩٨ ـ ٩٩.

**أ ـ بزوێنی کورت:** ئەو بزوێنانەن، کە لە درکاندندا دەنگەکانیان نزم و کورتن و ژمارەیان (٣) پیتە، کە بریتین لە:(i، ە، و).

**ب ـ بزوێنی درێژ:** ئەو بزوێنانەن، کە لە درکاندندا دەنگەکانیان بەرز و درێژن و ژمارەیان (٥) پیتە، کە بریتین لە:(ا، وو، ۆ، ی، ێ).

ئەم پیتانە لە زمانی کوردیدا ناکەونە سەرەتای وشە و برگەوە، بەڵکو دەخرێنە پاڵ پیتە نەبزوێنەکان، بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بە ئاسانی لە (گەروو) و (دەم)ەوە بێنە دەرەوە.

## خاسیەتی پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا[1]

**١. بزوێنی**(ی): بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو تەنیشت دەکشێن.

**٢. بزوێنی**(ێ): بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو تەنیشت دەکشێن.

**٣. بزوێنی**(و): بزوێنێکی کورتە، لە کاتی درکاندنیدا زمانی لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لەیەک نزیک دەبنەوە و خڕ دەبن.

**٤. بزوێنی**(**i . بزرۆکە**): بزوێنێکی کورتە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جودا دەبنەوە.

**٥. بزوێنی**(ە): بزوێنێکی کورتە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جودا دەبنەوە.

[1] ـ بڕوانە: ا ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، ١٩٧٦ . ب ـ غازی عەلی خورشید، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ . ج ـ ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩١.

٦. **بزوێنی** (ا): بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جودا دەبنەوە.

٧. **بزوێنی**(ۆ): بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لەیەک نزیک دەبنەوە و خڕ دەبن.

٨. **بزوێنی**(وو): بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لەیەک نزیک دەبنەوە و خڕ دەبن.

هەموو بزوێنەکان دەنگی گڕن و تاڵە ژێیەکان دەلەرێنەوە، بەڵام ئەم لەرینەوەیە هیچ بەربەستێک لەڕێی دەرچوونی هەوا دروست ناکات.[١]

لە باسی شوێنی هاتنی /و/ و /وو/ لە وشەدا، دەکرێ بەمشێوەیەی خوارەوە جیاوازییان لە نێواندا بکەین:[٢]

١ـ ئەگەر لە سەرەتای بڕگە یان وشە بێت، ئەوە /و/ کورتە و نەبزوێنە، وەک:

واتا، وازی، واژە، واڵا، وانە، وەچە، وەرین، وەرز، وەرگرتن، وردە، وەرە، وەرزێر، وەستان، وەنەوشە، ورتە، وریا، ورچ،

[١]ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(د)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، ل ٨٣ .

[٢]ـ هەمان سەرچاوە، ل ٩٣ ـ ٩٥ .

وردە، ورشە، وشک، وڵات، وتار، وڵاخ، وێران، وێنجە، وێژە، وێنە، ویستن...هتد.

٢ـ ئەگەر لە ناوەڕاستی بڕگەدا بێت، ئەوە /و/ کورتە، لە هەردوو شێوەی نەبزوێن و بزوێن دەردەکەوێت، بەمشێوەیە:

**لە شێوەی نەبزوێندا:**

جوان، دوان، ڕوان، ژوان، شوان، گوان، لوان...

**لە شێوەی بزوێندا:**

خوڕ، دوڕ، شوڕ، کوڕ، گوڕ، لوڕ، هوڕ...

٣ـ ئەگەر لە ناوەڕاستدا بێ و یەکێ لەم سێ پیتەی /ر، ک، ن/ بەدوادا بێت، ئەوە /وو/ درێژە، وەک پوور، توور، دوور، ژوور، سوور، بووک، پووک، تووک، سووک، نووک، بوون، چوون، ڕوون...هتد.

٤ـ هەندێجار لە کۆتایی بڕگە و وشەدا دێت، و لە شێوەی نەبزوێندا دەردەکەوێت، وەک:

ئاو، ئەو، چاو، خەو، خاو، دێو، ڕاو، زیو، سێو، شێو، لاو، لێو، مێو،...

٥ـ هەندێجار /وو/ لە کۆتایی بڕگە و وشەدا دێت و بزوێنە، وەک:

بوو، چوو، دوو، ڕوو، زوو،...

٦ـ دەنگی /و/ زۆرجار لە کرمانجی سەروودا دەبێتە /ڤ/ وەک:

چاو ـ چاڤ

سێو ـ سیڤ

نووسین ـ نڤیسین

نوستن ـ نڤستن

لێرەدا ئەم جۆرە وشانە دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتر.

## ٢. پیتە نەبزوێنەکان:

ئەو پیتانەن کە لە دەربڕین و ئاخاوتندا گرانن و نایێنە دەرەوە، بەڵکو هەمیشە بە یارمەتی پیتە بزوێنەکانەوە لە دەم دێنە دەرەوە.

ئەم دەنگانە لە دەربڕیندا هەندێ لە ئەندامانی ناو دەم لەیەکتر نزیک دەبنەوە و دەبنە بەرهەڵست بۆ ئەو ڕەوتە هەوایەی لە سییەکانەوە دێت، لە ئەنجامدا، لە دەربازێکەوە دێنە دەرەوە.[١]

واتە نەبزوێن دەنگێکە سازگەیەکی دیاریکراوی هەیە لەگەڵ درکێنەرێکی دیاریکراودا، هەروەها لەکاتی درکاندنیدا جۆرە تەگەرەیەک یان داخستن و کرانەوە دەخرێتە بەر تەزووی هەناسەوە.[٢]

---

[١]ــ ئەورەحمانی حاجی مارف (د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ل ٣٥.

[٢]ـ تالێب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ ل٣٦.

پیتە نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا ژمارەیان (٢٩) پیتە، کە ئەمانەن:

ئـ ف س ک و

ب ق ش گ ی

ت ڤ ر ل

پ ح ڕ ڵ

ن خ د ع

م ج ژ غ

هـ چ ز

## خاسیەتی پیتە نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا[1]

**١. دەنگی/ب/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، و لە دەربڕیندا هەردوو لێو هاوبەش دەبن و دەنگێکی وەستاو و گڕە.

**٢. دەنگی/پ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، و لە کاتی دەربڕینیدا هەردوو لێو هاوبەش دەبن و دەنگێکی وەستاو و کپە.

**٣. دەنگی/د/:** ئەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، و لەکاتی دەربڕینیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و دەنگێکی وەستاو و گڕە.

**٤. دەنگی/ت/:** ئەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی دەربڕینیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، دەنگێکی وەستاو و کپە.

**٥. دەنگی/گ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو دواوەی مەڵاشوو دەچێت و دەنگێکی وەستاو و گڕە.

[1]ـ بڕوانە: ا ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، ١٩٧٦. ب ـ غازی عەلی خورشید، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ . ج ـ ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩١.

**٦. دەنگی /ک/:** ئەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو دواوەی مەلاشوو دەچێت و دەنگێکی وەستاو و کپە.

**٧. دەنگی /ج/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو مەڵاشوو دەچێ، دەنگێکی کۆسپەک و گڕە.

**٨. دەنگی/چ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو مەڵاشوو دەچێ، دەنگێکی کۆسپەک و کپە.

**٩. دەنگی/ڤ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، لەکاتی درکاندنیدا لێو و ددان هاوبەش دەبن، و دەنگێکی وەستاو و کپە.

**١٠. دەنگی/ف/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، لەکاتی درکاندنیدا لێو و ددان هاوبەش دەبن، و دەنگێکی خشۆک و کپە.

**١١. دەنگی/ز/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی خشۆک و گڕە.

**١٢. دەنگی/س/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و دەنگێکی خشۆک و کپە.

**١٣. دەنگی/ژ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی خشۆک و گڕە.

**١٤. دەنگی/ش/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی خشۆک و کپە.

**١٥. دەنگی /م/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، لەکاتی درکاندنیدا هەردوو لێو بەشدار دەبن، و دەنگێکی لووتییە و گڕە.

**١٦. دەنگی /ن/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و بە پووکی سەرەوە دەنووسێ، و دەنگێکی لووتییە و گڕە.

**١٧. دەنگی/ل/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و بە پووکی سەرەوە دەنووسێت و دەنگێکی گڕە.

**١٨. دەنگی/ڵ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و بە پووکی سەرەوە دەنووسێت و دەنگێکی گڕە.

**١٩. دەنگی /ر/:** ئەم دەنگانەن لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی لەرزۆک و گڕە.

**٢٠. دەنگی/ڕ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێ، و دەنگێکی لەرزۆک و گڕە.

**٢١. دەنگی/ق/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (قورگییە)، لە پەیدابوونیدا زمانە بچکۆلە دەورێکی گرنگ دەبینێ، و دەنگێکی وەستاو و کپە.

**٢٢. دەنگی/ھ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە بەشی خوارووی ئەوکدا پەیدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆک و کپە.

**٢٣. دەنگی/ح/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە بەشی سەرووی ئەوکدا پەیدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆک و کپە.

**٢٤. دەنگی/خ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، زمانە بچکۆلە دەورێکی گرنگ لە پەیدابوونیدا دەبینێ، و دەنگێکی خشۆک و کپە.

**٢٥. دەنگی/ع/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە پەیدابوونیدا زمانە بچکۆلە دەورێکی گرنگ دەبینێ، و دەنگێکی خشۆک و گڕە.

**٢٦. دەنگی/غ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە پەیدابوونیدا زمانە بچکۆلە دەورێکی گرنگ دەبینێ، و دەنگێکی خشۆک و گڕە.

**٢٧. دەنگی/و/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێكی (لێوییە)، لە دركاندنیدا هەردوو لێو كاردەكەن، و دەنگێكی خشۆك و گڕە.

**٢٨. دەنگی/ئ/:** ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێكی (قورگییە)، لە بەشی دەرەوەی قورگدا پەیدا دەبێ، و دەنگێكی خشۆك و كپە.

**٢٩. دەنگی/ی/:** ئەم دەنگە لە دەبڕیندا دەنگێكی (زارییە)، لەكاتی دركاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێ، و دەنگێكی خشۆك و گڕە.

## جیاکردنەوەی پیتەکانی زمانی کوردی

دەتوانرێت بە ئاسانترین شێواز پیتەکانی زمانی کوردی لە یەکتر جیابکەینەوە:[1]

١- پیتی (ب، پ، ت) ← بە خاڵ لە یەکتر جیادەکرێنەوە.
٢- پیتی (ج، چ، خ، ح) ← بە خاڵ لە یەکتر جیادەکرێنەوە.
٣- پیتی (ز، ژ) ← بە خاڵ لە یەکتر جیادەکرێنەوە.
٤- پیتی (س، ش) ← بە خاڵ لە یەکتر جیادەکرێنەوە.
٥- پیتی (ف، ق، ڤ) ← بە خاڵ لە یەکتر جیادەکرێنەوە.
٦- پیتی (ع، غ) ← بە خاڵ لە یەکتر جیادەکرێنەوە.
٧- پیتی (ر، ڕ) ← بە دانانی نیشانەی(٧) جیادەکرێنەوە.
٨- پیتی (ی، ێ) ← بە دانانی نیشانەی(٧) جیادەکرێنەوە.
٩- پیتی (ل، ڵ) ← بە دانانی نیشانەی(٧) جیادەکرێنەوە.
١٠- پیتی (و، وو، ۆ) ← بە دانانی نیشانەی(٧) جیادەکرێنەوە.
١١- پیتی (ک، گ) ← بە دانانی هێڵێکی ڕاست، پیتی (گ) لە پیتی (ک) جیا دەکرێنەوە.
١٢- پیتی (ا) ← سەربەخۆیە.

---

[1]- بڕوانە:أ- حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی، سایکۆلۆجی یەتی خوێندنەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٨، ل ٥٩ - ٦٠. ب - نوری عەلی ئەمین، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٦٦، ل ١٧- ٢٤.

١٣- پیتی (ە) ← سەربەخۆیە.

١٤- پیتی (ئـ) ← سەربەخۆیە.

١٥- پیتی (م) ← سەربەخۆیە.

١٦- پیتی (هـ) ← سەربەخۆیە.

١٧- پیتی (د) ← سەربەخۆیە.

ڕێژەی بەهێزی دەنگە بزوێنەکان جیاوازە و بەپێی ڕێژەی کرانەوەی دەم دەگۆڕێ، ڕێژەی کرانەوەی دەمیش لە دەنگێک بۆ دەنگێکی دی دەگۆڕێ،[1] ئەمەش وایکردووە کە دەنگەکان دابەش بن بۆ بزوێن و نەبزوێن و بەهۆی بەدوای یەک هاتنیان میکانیکیەتی ئاخاوتن بەردەوام دەبێ، دەتوانرێ بەمشێوەیە دابەشبکرێ:[2]

| جۆری دەنگ | دەنگەکان | ڕێژەی کرانەوەی دەم |
|---|---|---|
| بزوێن | ا | کرانەوەی زۆر |
| | ۆ، ێ | کرانەوەی ناوەندی |
| | ە | کرانەوەی ئاسایی |
| بزوێن | ی، و | نیمچە کراوە |
| نەبزوێن | س، ش، ف، ڤ، | نیمچە داخراو |

١- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(د)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، ل ٨٤.

٢- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(د)، چەند پیتێکی کێشەدار لە نووسینی کوردیدا، گ. زانکۆی دهۆک، ژ(١)،٢٠٠٤، ل ٣.

| | | |
|---|---|---|
| | م... | |
| داخراو | ب، پ، د، ک، گ... | |

## گیروگرفتی هەندێ لە پیتەکانی زمانی کوردی

**١. /ئـ ـ هەمزە/:** زۆر لە زمانناسان /ئـ ـ هەمزە/ لە ئەلفوبێی کوردیدا بە دەنگ و فۆنیم هەژمارناکەن، چونکە دەڵێن لە ئەلفوبێی لاتینیدا هێمای نییە، کەچی لە ئەلفوبێی کوردیدا هێمای هەیە، بەڵام نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، کە ئەمەش حاڵەتێکی ناوازەیە، چونکە یەکێ لە مەرجەکانی فۆنیم ئەوەیە کە دەبێت واتای وشە بگۆڕێت، بەڵام /ئـ ـ هەمزە/ بەدەر دەبێت لەم یاسایە و حاڵەتێکی ناوازەیە، دەبێ ئەوەش بوترێت کە ئەلفوبێی لاتینیش وا دەبێ سەر لە نووسەر و لێکۆڵەری کورد دەشێوێنێت، وەک کە دێت لەبری (ئا، ئۆ، ئی) تەنیا یەک پیت دەنووسێت ( a, o, w )، کەچی هەریەکەیان بریتییە لە دوو دەنگی سەربەخۆی تەواو و چ جیاوازییەک لە نێوان (دا، دۆ، دی) و (ئا، ئێ، ئی) نییە، لە ڕووی ژمارەی دەنگەکانیانەوە، ئەلفوبێی لاتینی کە بایەخی بە دەنگی /ئـ ـ هەمزە/ نەداوە، هەڵەیەکی گەورە و زلی کردووە، چونکە /ئـ ـ هەمزە/ دەنگێکی ڕەسەن و کۆنی زمانەکەمانە، هەر ئەوەندە هەیە لە ئاخاوتنی

ئێستای زمانەکەمان، /ئـ ـ هەمزە/ بە زۆری لە سەرەتای وشەدا دێت، تەنیا لە ڕێژەی ڕانەبوردوو و داخوازی و هەندێ وشەدا نەبێت، کە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێن، وەک (دەئاخێوێ، دەئەنجنێ، بئاخێوە، قورئان، نە........)، لە بەرانبەریشدا دەبێ ئەوەش بوترێت، کە لامی قەڵەو(ڵ) لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەدا نایێت، کەچی کەسیش ناڵێ با نیشانە و هێمای بۆ دانەنرێت یان بڵێین با بە فۆنیم هەژماری نەکەین !!.[١]

**٢. / ح ـ ع/:** هەندێ پێیان وایە دەنگی /ح/ و دەنگی /ع/ دوو دەنگی ڕەسەنی کوردی نین، و بە کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵگەی ئەوەش دەهێننەوە کە لەو زمانە هیندۆ ئەوروپیانە بەدی ناکرێت، کە نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی، بەتایبەتی گەلە هیندۆ ئەوروپییە ناموسلمانەکان، لە هەمان کاتیشدا ئەم دوو پیتە زۆر بە دەگمەن لە وشە کوردییە خۆماڵییەکان دەبینرێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی ئەم دوو دەنگە نرخیان بۆ دانەنراوە و هیچ هێمایەکیان بۆ نەکراوە بە پیت، ئەوەی بۆیان دانراوە وەک: /h- ح / و /u ـ ع/، ئەو هێمایانەش هەولوبۆچوونی تاکە کەسی و تایبەتین.[٢]

---

١- مەسعوود محەمەد، ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (٨)، بەغدا، ١٩٨٠، ل٣.

٢- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(د)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، ل ٨٩.

**٣. /خ ـ غ/:** لە ئاخاوتنی کوردیدا زۆر وشە هەن، کە هەرجارەی بە یەکێ لەو دوو دەنگە /خ،غ/ دەبیسترێن یان دەنووسرێن، بێ ئەوەی کار لە واتایان بکات، بۆ نموونە وەک:

خەم ـ غەم

خونچە ـ غونچە

باخ ـ باغ

خیرەت ـ غیرەت

دۆزەخ ـ دۆزەغ .[١]

**٤ـ /ر ـ ڕ/:** دەربارەی پیتەکانی (ر ـ ڕ)، ئەوە لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەکمان نییە بە (ر) دەست پێبکات، بەو واتایەی (ر) لە سەرەتای وشەدا نایێت، بەڵکو هەمووی بە (ڕ) دەستپێدەکات.

---

[١]ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

# خوێندنەوەی پیتەکانی زمانی کوردی

| پیت / وێنە | دەنگەکەی |
|---|---|
| ئـ | هەمزە |
| ا | ئەلیف |
| ب | بێ |
| پ | پێ |
| ت | تێ |
| ج | جیم |
| چ | چ |
| ح | حێ |
| خ | خێ |
| د | دال |
| ر | رێ |
| ڕ | ڕێ |
| ز | زێ |
| ژ | ژێ |
| س | سین |
| ش | شین |
| ع | عەین |
| غ | غەین |

| | |
|---|---|
| ڤ | ڤێ |
| ق | قاف |
| ک | کاف |
| گ | گاف |
| ل | لام |
| ڵ | ڵام |
| م | میم |
| ن | نوون |
| هـ | هێ |
| ە | ئە |
| ۆ | ئۆ |
| و | ئو |
| وو | ئوو |
| ی | ئی |
| ێ | یێ |

## هەندێ لایەنی جیاوازیی دەنگیی نێوان کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست

لێرەدا هەندێ لە خاسیەت و تایبەتمەندی لایەنی فۆنەتیکی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست دەخەینەڕوو: [(١)]

١ـ لە کۆتایی هەندێ وشەدا، لە کرمانجی سەروو (ی) بەرانبەر بە (وو) لە کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| پاری | پاروو |
| خانی | خانوو |
| کولی | کولوو |
| ئارەزی | ئارەزوو |
| خاتین | خاتوون |

٢ـ لە کۆتایی هەندێ وشەدا، لە کرمانجی سەروو (وو) بەرانبەر بە (ی) لە کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ، وەک:

---

١ـ بۆ زیاتر شارەزابوون بۆ ئەم دیاردانە، بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:
أـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٦٤ ـ ٦٧. ب ـ دوڵبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی، یاسای دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، بەشی کوردی ـ کۆلیژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| تووژ | تیژ |
| شوور | شیر |

٣ـ لە هەندێ وشەدا، لە کرمانجی سەروو (ڤـ) بەرانبەر بە (و) لە کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| چاڤـ | چاو |
| شەڤـ | شەو |
| هاڤین | هاوین |
| سێڤ | سێو |
| هەڤیر | هەویر |
| ئاڤا | ئاوا |

٤ـ لە زۆر وشەدا، لە کرمانجی سەروو (ە) بەرانبەر بە ( بزرۆکە ـ i) لە کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| قەنج | قنج |
| چەنگ | چنگ |
| کەچ | کچ |

٥ـ لە زۆر وشـەدا، لە کرمـانی سـەروو (بزرۆکە ـ i) بەرانبەر بە (ە) لە کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| هل | هەڵ |
| هنەک | هەندێک |
| در | دەر |
| دکت | دەکات |
| ب | بە |
| ک | کە |

٦ـ لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، زۆرجار دەنگی /ش/ تێدەچێت، لە بەرانبەردا لە کرمانجی ناوەڕاستدا دەمێنێتەوە، هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| فرۆتن | فرۆشتن |
| ڕێتن | ڕێشتن |

٧ـ لە هەندێ وشـەدا، لە کرمـانجی سـەروو (هـ) بەرانبەر بە (و) لە کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| هشک | وشک |
| هشیار | وشیار |

| | |
|---|---|
| هرچ | ورچ |
| هور | ورد |

٨ـ لە هەندێ وشەدا، لە کرمانجی ناوەڕاست (س، ت) بەرانبەر بە (ص، ط) لە کرمانجی سەروو دەوەستێ، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| صار | سارد |
| صۆر | سوور |
| طەڤر | تەور |
| طاوە | تاوە |

٩ـ لە هەندێ وشەدا، پاش و پێش کردن( جێگۆڕکێ)ی پیت دەکرێت، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| بەرف | بەفر |
| تەزرە | تەرزە |
| جینار | جیران |
| خیز | زیخ |
| نک | کن |

١٠ــــ لە هەنــدێ لەو (چــاوگ) و (قەدی چــاوگ) و (نــاو) و (ئاوەڵنـاو)انەی لە کرمـانجی ناوەڕاسـتدا دەنگی/د/یان تێدایە، لە بەرانبەردا لە کرمانجی سەروودا نین، وەک:

| | **کرمانجی ناوەڕاست** | **کرمانجی سەروو** |
|---|---|---|
| **چاوگ** | **خواردن** | خوارن |
| **چاوگ** | **بردن** | **برن** |
| **چاوگ** | **کردن** | **کرن** |
| **قەدی چاوگ** | **خوارد** | خوار |
| **قەدی چاوگ** | **برد** | **بر** |
| **قەدی چاوگ** | **کرد** | **کر** |
| **ناو** | **ئارد** | **ئار** |
| **ئاوەڵناو** | **زەرد** | **زەر** |
| **ئاوەڵناو** | **سارد** | **سار** |

١١ـــ لە دیـــالێکتی کرمـــانجی ســـەروودا (ڵ)ی قەڵەو نیـــیە، لە بەرانبەردا لە کرمانجی ناوەڕاستدا یەکجار زۆرە، وەک:

| **کرمانجی سەروو** | **کرمانجی ناوەڕاست** |
|---|---|
| **هلچوون** | **هەڵچوون** |
| **خال** | **خاڵ** |
| **هەڤال** | **هەڤاڵ** |

١٢ـ لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دەنگی(ڤـ ) زۆر کەمە، لە بەرانبەردا لە کرمانجی سەروودا یەکجار زۆرە، وەک:

| کرمانجی سەروو | کرمانجی ناوەڕاست |
|---|---|
| ڤالابوون | والآبوون |
| چاڤ | چاو |
| هاڤین | هاوین |

١٣ـ لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا بەهۆی کارتێکردنی دوو دەنگی کپ لەسەر یەکتری، دەنگی /ف/ تێدەچێت، هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**سەرکەفتن ← سەرکەتن**

**پێشکەفتن ← پێشکەتن**

**ژێکەفتن ← ژێکەتن**

**دەرکەفت ← دەرکەت**

١٤ـ زۆرجار لە کرمانجی سەروودا بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین و بەهۆی کارتێکەری دەنگەکانی دەوروبەر، ئەوە دەنگی /ڤ/ تێدەچێت، وەکو:

**ئیڤرۆ ← ئیرۆ**

**کەڤچک ← کەچک**

**زڤستان ← زستان**

**جووتۆکە**

دوو فۆنیم لە دوو وشەی جیاواز لە واتادا، کە لە دوو شوێنی وەک یەک بەرانبەر بە یەک بوەستن، وەکو:/ش، ژ/ کە لە وشەکانی (شان، ژان)دا بەرامبەر بەیەک دەوەستن، ئەم جۆرە بەرانبەرییە بۆ دۆزینەوە و سەلماندنی فۆنیمیەتییە.[١] واتە ئەگەر دوو دەنگی جیاواز توانییان لە هەمان شوێندا دەرکەون و دەرکەوتنیان هەریەکە واتایەکی جیاواز لە دەرکەوتنی ئەویتری بە وشەکە بەخشی، ئەوە ئەو دوو دەنگە سەر بە دوو فۆنیمی جیان.[٢]

**هێشووە دەنگ**

بریتییە لە دەرکەوتنی دوو نەبزوێن یان زیاتر بەدوای یەکدا لە بڕگەیەکدا، وەکو /شت/ لە وشەی (دەشت)دا.[٣]

**دووبارەکردنەوە . گیرە**

دیاردەیەکی دەنگییە لە زمانی عەرەبیدا (شەدە)ی پێدەوترێت، ئەم دیاردەیە لە زمانی عەرەبیدا زۆر باوە،

---

[١]ـ تالِّیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ١٢٠.

[٢]ـ بڕوانە: أ- وریا عومەر ئەمین، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٥٩. ب ـ وریا عومەر ئەمین، جووتۆکە، ڕ. هاوکاری، ژ.(١١٧٠)، ١٩٩٠/٤/١٦،ل٨.

[٣]ـ تالِّیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ٣٢.

لەبەرانبەردا لە زمانی کوردیدا کەم دەبینرێت، بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت:

١- دووبارەرکردنەوەی پیتێک، دوا بەدوای یەک لە وشەیەکدا.

٢- درێژکردنەوەی دەنگ.

٣- درێژکردنەوەی ماوەی بەندکردنی دەنگێک ئەگەر هاتوو دەنگەکە گیربوو.[١]

واتە دووبارەکردنەوەی پیتە گیراوەکە وەک خۆی، بۆ نموونە: کەللە، کوللە، گوللە، زللە، شەممە، مەککە، میللەت.....هتد.[٢]

**سیمای جیاکەرەوە:**

سیمایەکی دەنگییە لە زمانێکدا، کە فۆنیمێک لە فۆنیمێکی تر جیا دەکاتەوە، وەکو گڕی و کپی دەنگ یان سووک و قەڵەی یان درێژی و کورتی دەنگ، بۆ نموونە دەنگە گیرەکانی /د/، /ت/، /ب/، /پ/ سازگەی دروستبوونی هەر جووتە دەنگێک وەکو یەکە، بەڵام سیمای جیاکردنەوەیان تەنیا لە گڕی و کپیدایە، واتە لەرینەوەی ژێیەکانی قورگ لە /د/ دەلەرێتەوە، بەڵام لە /ت/ نالەرێتەوە، هەروەها لە /ب/ دەلەرێتەوە، بەڵام لە /پ/ نالەرێتەوە، کەچی سیمای گڕی و کپی لەگەڵ دەنگە

---

[١]- تاڵیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ٧٢ .

[٢]- نوری عەلی ئەمین، ڕابەری بۆ ئیملای کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٦٦، ل ٣٨ .

لازمانییەکانی /ل:ڵ/دا نابێت، چونکە هەردووکیان گڕن، بەڵکو سووکی و قەڵەوی وەک دوو سیمای جیاکردنەوە بۆ ئەم دوو دەنگە بەکاردێن.[١]

**١. دەنگی گڕ**

بریتییە لەو دەنگە زمانییەی کە ژێیەکانی قوڕگی لەگەڵدا دەلەرێتەوە، وەکو: /ب، د، گ، ج، ز، ژ، ڤ/، کەواتە گڕی دەنگ سیفەتێکە بۆ ئەو دەنگەی کە فراوانی شەپۆلەکانی دەنگ یان جووڵەی لەرەکانی دەنگ حوکمی بەسەردا بکەن.[٢]

**٢. دەنگی کپ**

بریتییە لەو دەنگە زمانییەی کە ژێیەکانی قوڕگی لەگەڵدا نالەرێتەوە، وەکو /پ، ت، ک، ف، س، ش، ح/.[٣]

**٣. خشۆکی دەنگ**

بریتییە لە خشانی تەزووی هەناسە لە ناو زاردا، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەنگی خشۆک. ئەو دەنگەی کە دروست دەبێت، بەهۆی لێخشاندنی تەزووی هەناسە بە لێواری بۆرییەکانی دەنگەوە دەبێت لە ئەنجامی ئەوەی کە تەگەرە دەخرێتە سەر بەشێکی تەزووەکەوە، ئەمەش یان خشۆکێکی

---

١ـ تالِب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ٥٢.

٢ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٤.

٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٤.

ئاسۆی دەبێت، وەکو /ف/، /ڤ/، /ه/ یان خشۆکێکی ستوونی دەبێت وەکو، /س/، /ز/، /ش/، /ژ/.[1]

**أ. خشۆکی ستوونی**

ئەو دەنگە خشۆکەیە کە زار بەشێوەیەکی ستوونی لەگەڵیدا دەکرێتەوە و لەباری ئاسۆیشدا تەنگ دەبێت، وەک دەنگی /س، ز، ش، ژ/، ئەم خشۆکە بەرانبەر بە خشۆکی ئاسۆیی دەوەستێت.[2]

**ب . خشۆکی ئاسۆیی**

دەنگێکی خشۆکە کاتێ دروست دەبێت، کە ڕێڕەوی هەوا لەناو زاردا لەباری ئاسۆیی فراوان دەبێت و لە باری ستوونیش تەنگ دەبێت، وەکو دەنگی /ه، ڤ، ف/. دەنگی خشۆکی ئاسۆیش بەرانبەر بە دەنگی خشۆکی ستوونی دەوەستێت.[3]

**٤. وەستاو**

ئەو دەنگەیە کە بەهۆی گیربوون (ڕێگرتن)، پاشان بەڕەڵاکردنی تەزووی هەناسەوە دەدرکێت، ئەگەر ڕێگرتنەکە بەهۆی هەردوو لێوەوە بێت، ئەوە دەنگەکە دەبێتە دەنگێکی لێوی گیر، وەکو:/ب، پ/، ئەگەر ڕێگرتنەکە لە پووکی ددان بوو، ئەوە دەبێتە دەنگێکی پووکی گیر، وەکو/ت، د/، ئەگەر گیربوونەکە لە

---

1. هەمان سەرچاوە، ل ٦٨ ـ ٦٩ .
2. هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤ .
3. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٣.

مەڵاشوودا بوو، ئەوە دەبێتە دەنگێکی مەڵاشووی گیر، وەکو:/ک، گ/، ئەگەر گیربوونەکە لە گەرووودا بوو، ئەوە دەبێتە دەنگێکی گەرووی گیر وەکو: /ق/، یان گیربوونەکە لە قوڕگدا دەبێت و دەنگەکەش دەبێتە دەنگێکی قوڕگی گیر، وەکو: /ئـ، هەمزە/، هەندێ جار پاش گیربوونی دەنگەکە خشانێک ڕوودەدات لەگەڵیدا تێکەڵأ دەبێت، ئەوە دەنگێکی نیمچە گیری تێکەڵاو پەیدا دەبێت، وەکو: /چ، ج/.[1]

**گوێ** : گوێ لە سێ بەش پێکدێت :[2]

**١. گوێی دەرەوە**

هەموو یەکێک لە ئێمە دەیبینێ، چونکە وەک هەر ئەندامێکی دی بینراوی لەش بە دەرەوەیە، ئەم بەشەی گوێ بریتییە لە پارچەیەک ئێسقان و دەوری مایکرۆفۆن دەبینێ، گوێی دەرەوە کونێکی بچووک بە پەردەی گوێوە دەبەستێ، ئەم پەردەیە پارچە گۆشتێکی زۆر تەنکە و پلەی حەساسیەتی یەکجار بەرزە و بە بچووکترین و نزمترین دەنگ دەجووڵێتەوە، ئەو کونەی گوێی دەرەوە بەم پەردەیە دەبەستێتەوە، هەمیشە پڕی هەوایە و

---

[1] ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٩٢.

[2] ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل ٢٧٤ – ٢٧٦.

دەورێکی گەورە دەبینێ لە ئاسانکردنی ئەو لەرینەوە و ئاوازەیەی دەچێتە نێو گوێوە پێش ئەوەی بگاتە پەردەی گوێ.

**٢. گوێی ناوەڕاست:**

گوێی ناوەڕاست دەکەوێتە دوای پەردەی گوێوە، گوێی ناوەڕاست شەقێکی بچووکی پڕ لە هەوایە و سێ ئێسقانی وردی تێدایە و بە پەردەی گوێوە بەستراون و لەبەری ناوەوەش بە گوێی ناوەوە لکاون. ئیشوکاری ئەم سێ ئێسقانە وردە ئەوەیە لەرینەوەی دەنگ و هەر لەرینەوەیەکی دیکە بگوێزنەوە، واتە لەرینەوەی دەنگ لە پەردەی گوێوە دەگەیەنن بەگوێی ناوەوە.

**٣. گوێی ناوەوە**

گوێی ناوەوە بازنەیەکی پێچاوپێچ و بەشێوەیەکی تەواو داخراوە و توندکراوە. لە بەری ژوورەوە بە ناوەوە توند چەسپ کراوە و ئاوێکی لینجی تێدایە، ئەم بازنە پێچاوپێچە لە بەری دەرەوە ـ واتە سەرە ئەستوورەکەی بە گوێی ناوەڕاستەوە لە بەری ژوورەوە بەستراوە، کە بریتییە لە دەماری یەکجار ورد و بە مێشکەوە بەستراون.

گوێی ناوەوە بە درێژی پەردەیەکی تەنک کراوە بە دوو بەشەوە، ئەویش هەر لەسەرە ئەستوورەکەی بازنەی گوێی ناوەوە تاکو سەرە وردەکان، دوو کونی بچووکی لە گوێی ناوەڕاستەوە چوونەتە نێو گوێی ناوەوە، هەر یەکێک لەم دوو کونە کەوتوونەتە لایەکی ئەو پەردەیەوە.

# بڕگە

## چەمک و پێناسەی بڕگە

بڕگە لە ڕووی زاراوەوە، وشەیەکی دارِژاوە، کە لە وشەی سادەی (بڕ) و پاشگری (گە) پێکهاتووە. بڕگەش لە دەنگێک یان زیاتر پێکدێت و بەیەکجار بەبێ بڕینی هەناسە لەدەم دێتە دەرەوە.[١]

ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسەیە بکەین، ئەوە دەبینین بەشێکی پێناسەکە لە ڕێنووسی کوردی پەیڕەو نابێت، چونکە لە ڕێنووسی کوردیدا، بچووکترین بڕگە لە نەبزوێن و بزوێنێک پێکدێت، بەو واتایەی لە دوو دەنگ پێکدێت، واتە پێناسەی بڕگە لە ڕێنووسی کوردیدا بەمشێوەیە دەبێت:((بڕگە بریتییە لە دوو دەنگ یان زیاتر کە بەبێ بڕینی هەناسە لەدەم دێتە دەرەوە)).

دیارە هۆکاری ئەمەش ڕوونە، لە ڕێنووسی کوردیدا بڕگە بە بزوێن دەست پێناکات، بەڵکو هەمیشە بزوێن لەگەڵ نەبزوێن دێت، کەچی لە ڕێنووسی لاتینیدا پێناسەکە پەیڕەو دەبێت و دەگونجێت، چونکە دەشێ بڕگە لە تاکە دەنگێک پێکبێت، تاکە دەنگەکەش نەبزوێن بێت.

---

[١] ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چەند بابەتێکی زمانەوانی، چاپخانەی ئازاد هەورامی، کەرکووک، ٢٠٠٧، ل ٦.

لەبارەی دروستەی بڕگەش، ئەوە نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا دروستکەری بڕگە نین و ناتوانن بڕگە دروست بکەن، بەڵکو بڕگەکانی زمانی کوردی پڕۆژەی بزوێنەکانن، بەهۆیەوە هەریەک لە سەرەتای بڕگە و لە کۆتایی بڕگە ڕێگە بە دوو نەبزوێن پتر نادەن،[1] هەر بۆیە دەنگی بزوێن بە ناوکی بڕگە دادەنرێت.[2]

## ناوکی بڕگە

ئەو بزوێنەی کە هێزی بڕگە وەردەگرێت، بە ناوکی بڕگە ناودەبرێت، ناوکی بڕگەش لە زمانی کوردیدا یەکێک لەو هەشت بڕگەیە دەبێت کە لە زمانەکەدا هەیە.

## جۆرەکانی بڕگە

پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی بڕگە، لەگەڵ ئەوەشدا لەلای زمانناسان و ئەدەبناسان دیاریکردنی جۆرەکانی بڕگە جیاوازی هەیە، لای هەندێ لە زمانناسان بڕگە چوار جۆرە (بڕگەی کورت، بڕگەی درێژ، بڕگەی کراوە، بڕگەی داخراو)، لای هەندێکی تریش دوو جۆرە (بڕگەی فۆنەتیکی، بڕگەی

[1]ـ محەمەد مەحوی(د)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عارەبی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٢.
[2]ـ غازی عەلی خورشید، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، ل ٣١.

فۆنۆلۆجی)، لای هەندێکی تر شەش جۆرە (بڕگەی کورت، بڕگەی درێژ، بڕگەی کراوە، بڕگەی داخراو، بڕگەی فۆنەتیک، بڕگەی فۆنۆلۆجی)، لەلای ئەدەبناسانیش دوو جۆرە (بڕگەی کورت، بڕگەی درێژ)، تەنانەت یاسای بڕگەکانی (کورت و درێژ)یش لای ئەدەبناسان جیاوازە لەگەڵ زماننناسان، بۆیە ئێمە لە ڕوانگەی زماننناسییەوە سەیری بڕگە دەکەین.

کەواتە جۆرەکانی بڕگە بەمشێوەیەی خوارەوەن:

١. **بڕگەی کورت:** بەو بڕگانە دەوترێت، کە بزوێنی کورتی تێدایە[١]، وەک: (بە، دە، لە...).

٢. **بڕگەی درێژ:** بەو بڕگانە دەوترێت، کە بزوێنی درێژی تێدایە، وەک: (با، دۆ، ڕێ،... هتد).

٣. **بڕگەی کراوە:** بەو بڕگانە دەوترێت، کە کۆتاییان بە پیتی بزوێن دێت[٢]، وەک:(با، بۆ، ڕێ، بە.. هتد).

٤. **بڕگەی داخراو:** بەو بڕگانە دەوترێت، کە کۆتاییان بە پیتی نەبزوێن دێت[٣]، وەک:(مار، خوارد، لم، گوڵ،.. هتد).

٥. **بڕگەی فۆنەتیکی:** جۆرێکە لە جۆرەکانی بڕگە، جۆرێکی گشتییە و هەموو زمانانی جیهان تێیدا بەشدارن، واتە یاسایەکی گشتییە

---

[١]ـ ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩١، ل ١٠٦.

[٢]ـ نەریمان خۆشناو، چەند بابەتێکی زمانەوانی، ل ٨.

[٣]ـ هەمان سەرچاوە، ل ٨.

بۆ هەموو زمانەکان، چونکە پەیوەندی بە هەناسەوەرگرتن و کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە.[١]

**٦. بڕگەی فۆنۆلۆجی:** جۆرێکە لە جۆرەکانی بڕگە، جۆرێکی تایبەتییە و لە هەر زمانێکدا یاسای تایبەتی خۆی هەیە لە لێکدان و دارِشتنی فۆنیمەکان.[٢]

وەکو لە سەرەتادا ڕوونمانکردەوە، کە جۆرەکانی بڕگە لە ئەدەبدا جیاوازی هەیە لەگەڵ بواری زماندا، لە ئەدەبدا بەتایبەتی لە شیعری کوردیدا جۆرەکانی بڕگە دوو جۆرە:

**بڕگەی کورت:** بەو بڕگانە دەوترێت، کە لە پیتێکی نەبزوێن لەگەڵ پیتێکی بزوێنی کورت پێکدێت، یانیش لە پیتێکی نەبزوێن و بزوێنێکی درێژ پێکدێت، بەو مەرجەی بڕگەکە هێزی لەسەر نەبێت.

**بڕگەی درێژ:** بەو بڕگانە دەوترێت، کە پیتێکی نەبزوێن و بزوێنێکی درێژ (بەو مەرجەی بڕگەکە هێزی لەسەر بێت)، یانش لە دوو پیتی نەبزوێن و بزوێنێکی کورت یان درێژ یان سێ پیتی نەبزوێن و بزوێنێکی کورت پێکدێت.[٣]

---

[١]ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٥٢.

[٢]ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٢.

[٣]ـ مەعروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغدا، ١٩٦٢، ل ٢٦ – ٢٧.

## تایبەتمەندییەکانی بڕگە

١ـ لە ڕێنووسی کوردیدا سەرەتای هەموو بڕگە و وشەیەک بە بزوێن دەست پێناکات، بەڵکو هەمیشە بە نەبزوێن دەست پێدەکات، بەڵام لە ڕێنووسی لاتینیدا سەرەتای بڕگە و وشە بە بزوێن یان بە نەبزوێن دەست پێدەکات، وەکو:

| وشە | بڕگەکردنی بە ڕێنووسی لاتینی | بڕگەکردنی بە ڕێنووسی کوردی |
|---|---|---|
| ئەمە | e/me | ئە / مە |
| ئازاد | a/zad | ئا / زاد |
| من | min | من |
| کن | kin | کن |
| ئاش | as | ئاش |
| دەڕۆم | de/rom | دە / ڕۆم |

کەواتە بڕگە بڕگەکردنی وشە لە ڕێنووسی کوردی و لاتینیدا جیاوازی زۆری لە نێواندا هەیە، دەبێ ئاماژە بۆ ئەو بکەین، کە لە زمانی ئینگلیزیدا دەشێ بڕگە بە پیتی بزوێن دەست پێبکات.

٢ـ لە بڕگەیەکدا ناکرێت دوو بزوێن بە دوای یەکەوە بێن.

٣ـ دەشێت دوو نەبزوێن لە بڕگەدا بەدوای یەکەوە بێن.

٤ـ هەموو بڕگەیەک، یەک بزوێنی تێدایە.

٥- ژمارەی بڕگە لە وشەدا یەکسانە بە ژمارەی ئەو بزوێنانەی لە وشەکەدا هەن.
٦- زۆربەی زمانەکانی جیهان سوود لە بڕگە وەردەگرن بۆ دەست نیشانکردنی کێشی شیعریی،[١] زمانی کوردیش وەک یەکێ لە زمانانی جیهان، بڕگە پێوەرێکی سەرەکییە لە دەست نیشانکردنی کێشی شیعری کوردی.
٧- بڕگە پێوەر و ڕێگایەکی سەرەکی و بنچینەییە بۆ فێربوونی تەواو و ڕاستی و ڕەوانی گۆکردنی وشەکانی زمانێکی بێگانە.[٢]

## قاڵبی بڕگە

بڕگە لە زماننناسیدا (٩) قاڵبی بۆ دیاریکراوە، ئەم (٩) قاڵب و شێوازە هەمووی لەسەر ڕێنووسی کوردی جێبەجێ نابێت، بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی لە تاکە پیتێک پێکدێت و پیتەکەش بزوێنە، بەڵام لەسەر ڕێنووسی لاتینیدا پەیڕەودەکرێت.
ئێمە لێرەدا پیتی (V) بۆ بزوێن (ڤاوڵ) دادەنێین و پیتی (C) بۆ نەبزوێن (کۆنسۆنانت) دادەنێن، بەهۆیەوە قاڵبەکانی بڕگە لە زمانی کوردی بەمشێوەیەی خوارەوە دەست نیشان دەکەین[٣]:.

---

١- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، هەمان سەرچاوە، ل ٢١.
٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢١.
٣- بۆ ئەم بابەتە بڕوانە:_ أ - وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ٢٠٠٤، ل ١٦_ ١٨، ٢٥٢ - ٢٥٤. ب - غازی عەلی خورشید،

**١.** ccvcc

ئەم قاڵبە گەورەترین بڕگە پێکدێنێت، کە چوار نەبزوێن و بزوێنێک لەخۆوە دەگرێت، وەکو:

خوارد ـ xward

**٢.** ccvc

وەکو:. چوار ـ cwar

برین ـ brin

**٣.** ccv

وەکو: خوا ـ xwa

برا ـ bra

**٤.** cvc

وەکو: گوت ـ gut

نان ـ nan

**٥.** cvcc

وەکو: دەست ـ dest

**٦.** vcc

ئارد ـ ard

---

فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٠ ـ ٣١.

لێرەدا ئەگەر بە نموونە برگەی (ئارد) وەرگرین، ئەوە دەبینین لە ڕێنووسی کوردیدا بەر یاسای (cvcc) دەکەوێت، بەڵام لە ڕێنووسی لاتینیدا بەر یاسای (vcc) دەکەوێت، واتە بەمشێوەیە:

ئارد ← لە ڕێنووسی کوردیدا، ئـ، ا، ر، د

لێرەدا بەم قاڵبە دەردەکەوێت(cvcc)

ئارد ← لە ڕێنووسی لاتینیدا، d،r،ard a

لێرەدا بەم قاڵبە دەردەکەوێت (vcc)

**٧.** vc

وەکو:

ئەز ـ ez

ئەم ـ em

ئەم قاڵب و یاسایەش تەنیا لە ڕێنووسی لاتینیدا پەیڕەو دەکرێت، لە ڕێنووسی کوردیدا پەیڕەوناکرێت.

**٨.** v

ئەمە بچوکترین قاڵب و پێکهاتەی برگەیە لە ڕێنووسی لاتینیدا، بەڵام ئەم قاڵبە لەڕێنووسی کوردیدا نابینرێت و پەیڕەو ناکرێت.

وەکو: ئە ـ e

ئا ـ a

ئەم قاڵب و یاسایەش تەنیا لە ڕێنووسی لاتینیدا پەیڕەو دەکرێت، لە ڕێنووسی کوردیدا پەیڕەوناکرێت.

**٩.** cv

ئەم قاڵب و پێکهاتەیەی بڕگە لە ڕێنووسی کوردیدا بچووکترین قاڵبە. وەکو:

با ـ ba

نا ـ na

بە ـ be

کەواتە لە ڕێنووسی کوردیدا تەنیا (٦) قاڵب و شێوازی بڕگەمان هەیە، بەمشێوەیە:

ccvcc

ccvc

ccv

cvcc

cvc

cv

بەڵام لە ڕێنووسی لاتینیدا (٩) قاڵبی بڕگەمان هەیە، بەمشێوەیە:

ccvcc

ccvc

ccv

cvc

cvcc

cv

vcc

VC

V

## ئەندامەكانی ئاخاوتن

ئەو ئەندامانەن كە بەشداری لە پرۆسەی ئاخاوتندا دەكەن، بریتین لەمانە (سییەكان، گەروو، سورێنچك، دەم، زمان، ددان، هەردوو لێو، مەلاشووی نەرم، مەلاشووی ڕەق، زمانۆچكە، لووت، قوڕگ، ژێیەكان......)، هەندێ لەم ئەندامانە ئەركی پاڵپێوەنانی تەزووی هەناسە دەبینن، وەكو سییەكان، هەندێكی تریان كار دەكەنە سەر گڕ و كپی دەنگەكان، وەكو ژێیەكانی قوڕگ، هەندێكی تریان دەجووڵێتەوە پێیان دەوترێت دركێنەر وەكو زمان، هەندێكی تر بەشداری لە دركاندن دەكەن، بێ ئەوەی بجووڵێنەوە پێیان دەوترێ سازگەی دركاندن، وەكو مەلاشوو، پووك، ددان.[1]

**١. مەلاشوو:**

بریتییە لە بنمیچی ناو زار، كە پێكدێت لە پووكی ددان و مەلاشووی ڕەق و مەلاشووی نەرم و زمانۆچكە، بەدرێژایی ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە كە دەكەوێتە نێوان پووكی ددان و سەرووی زمانۆچكە، بەشی پێشەوەی ڕەقە و بەشی دوواوەی نەرمە. مەلاشوو وەكو سازگەی دركاندن بەشداری لە پرۆسەی

---

[1]ـ تاڵیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەكانی دەنگسازی، ل ١٣٦ـ ١٣٧ .

درکاندن دەکات، کاتێ کە دەنگی پووکی و مەڵاشووی ڕەق و مەڵاشووی نەرم و زمانۆچکەی تێدا دروست دەبێت.[1]

**أ. مەڵاشووی نەرم:**

ئەندامێکی ماسولکەیی نەرمە، دەکەوێتە بنمیچی زارەوە لە نێوان مەڵاشووی ڕەق و زمانۆچکە، بە بەشێک لە مەڵاشوو دادەنرێت، کاتێ کە بەرەو خوار دەجووڵێت و نزم دەبێتەوە، ئەو ڕێڕەوە دەکرێتەوە کە بەرەو بۆشایی ناو لووت دەچێت، بەڵام کە بۆ سەرەوە بەرز دەبێت، ئەو ڕێڕەوە دادەخات، هەروەها لەکاتی لکانی دواوەی زمان یان نزیکبوونەوەی لە مەڵاشووی نەرم، دەبێتە هۆی دروستبوونی دەنگێکی مەڵاشوویی نەرم.

**ب . مەڵاشووی ڕەق:**

بەشی پێشەوە لە دیوی سەرەوەی ناو زار و بەشی پێشەوەی مەڵاشوو دەگرێتەوە، واتە بنمیچی زار، ئەم بەشەش ڕەقە بە بەراوردکردن لەگەڵ بەشی پشتەوەی کە پێی دەوترێت مەڵاشووی نەرم، مەڵاشووی ڕەق بەشداری لە درکاندنی دەنگەکانی زمان دەکات، کاتێ کە زمان لێی دەکەوێت یان لێی نزیک دەبێتەوە، ئەو دەنگانەش بە دەنگی مەڵاشووی ناو دەبرێت، وەک: /س، ز، ج، چ، ی/.

---

[1]ـ تاڵیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ١٤٠، ٢١٥، ٢١٧ .

**٢. پووک:**

ئەندامێکە لە ئەندامەکانی درکاندن، دەبێتە سازگەی درکاندنی دەنگە پووکییەکان، کاتێ کە نووکی زمانی لێدەکەوێت یان لێی نزیک دەبێتەوە، هەروەها پووک لێوارێکی شێوە قۆقزە لەناو زاردا، دەکەوێتە پاش ددانەکانی سەرووی پێشەوە، دەبێتە سازگە بۆ ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان، وەکو /س/، /ت/،/ر/ /ز/، /د/، /ن/.[١]

**٣. زمانۆچکە:**

بەشێکی بچووکی نەرمە لە دیوی دواوەی مەڵاشووی نەرم شۆڕبۆتەوە، درکێنەرێکی چەسپاوە، وەکو مەڵاشووی نەرم و مەڵاشووی ڕەق. ئەم بەشە سەرپەرشتی ڕێگەی هەناسە دەکات لە گەروودا و لە کاتی قووتدانی خواردندا ڕێگەی هەناسە دادەخات.[٢]

**٤. زمان:**

زمان لە پێنج بەش پێکدێت، کە ئەمانەن:[٣]

**ا. نووکی زمان:**

---

[١]ـ تاڵیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ١٣ .

[٢]ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢١٥ .

[٣]ـ هەمان شەرچاوە، ل ٥٥ .

بریتییە لە بەشی پێشەوە زمان، وەکو درکێنەرێک دەجوولێتەوە و نزیک دەبێت لە ددانەکانی سەرەوە یان پووک یان مەلاشووی ڕەق بۆ دروستکردنی ئەو دەنگانەی کە بە نووکە زمانی ناو دەبرێن و بەشداری لە درکاندنی دەنگە ناو ددانییەکان دەکات، وەکو: /ڎ، ڤ/ لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها بەشداری لە درکاندنی دەنگە پووکییەکان دەکات، وەک: /ز، س، د، ت/.

**ب ـ پێشەوەی زمان:**

ئەو بەشەی زمانە، کە دەکەوێتە نێوان نووکی زمان و ناوەڕاستی زمان، ئەم بەشەش بەشداری لە درکاندنی ئەو دەنگانە دەکات، کە بە دەنگی مەلاشووی ڕەق و دەنگی پووکی ناودەبرێن، وەکو /ز، ژ، ج، چ/.

**ج ـ ناوەڕاستی زمان:**

ئەو بەشەی زمانە، کە دەکەوێتە نێوان بەشی پێشەوەی زمان و دواوەی زمان .

**د ـ ڕەگی زمان:**

ئەو بەشەی زمانە، کە دەکەوێتە کۆتایی بەشی دواوەی زمان.

**٥ . دواوەی زمان:**

ئەو بەشەیە لە زمان، کە دەکەوێتە نێوان ڕەگ و ناوەڕاستی زمان، و دەکەوێتە ژێر مەڵاشووی نەرم، بەهۆیەوە بەشداری دەکات لە درکاندنی دەنگەکانی مەڵاشووی نەرمدا، وەکو /ک، گ/.

**٥. هەناسەوەرگرتن:**

چوونەژوورەوەی هەوا لە دەرەوە بۆ ناو سییەکان لە کاتی کردەی هەناسەداندا، هەناسە وەرگرتنیش بۆ کردەی ئاخاوتن زۆر پێویستە، چونکە ئاخاوتن بە هەناسەوەرگرتن دەست پێدەکات و ئەنجامەکان ئامادەدەبن بۆ ئاخاوتن و پڕکردنی سییەکان بەو هەوایەی کە لەکاتی هەناسەداندا دەردەچێت و لەگەڵیدا کردەی ئاخاوتن دەست پێدەکات.[١]

**٦. قوڕگ:**

ئەندامێکی کڕکراگەییە، دەکەوێتە سەرووی بۆڕی هەناسەوە و ژێیەکانی دەنگی تێدایە، ژێیەکانی قورگ دەکەوێتە ناو قوڕگەوە، کە کاردەکاتە سەر دەنگ و دەیکات بە گڕ یان بە کپ. قوڕگ بە سندوقی دەنگ دادەنرێت .[٢]

---

[١] ـ تاڵیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ٩١ .

[٢] ـ هەمان سەرچاوە، ل١٠٤ .

**٧. ژێیەکان:**

بریتییە لە دوو دەستە ماسولکەیی نەرم، کە بەرانبەر یەک وەستاون، ئەم دوو دەستە ماسولکەیە بە ئێسقانی لوولەی قوڕگەوە بەستراونەتەوە، بەهۆی جووڵانەوەی ئەو ئێسقانەوە، ئەم دوو دەستە ماسولکەیە دەکرێنەوە و دیسان دێنەوە یەک، واتە لەگەڵ جووڵانەوەی ژێیەکانی قوڕگدا چەند بارێکی تایبەتی وەرگرن و کار دەکەنە سەر دەنگەکانی زمان، بەمشێوەیە:

١ـ کرانەوەی ژێیەکانی قوڕگ و تێپەڕبوونی هەوا، بێ ئەوەی ڕێگەی لێبگرێت، واتە بێ لەرینەوەی ژێیەکان، ئەو دەنگانەی کە لەم بارەدا دەدرکێن بە دەنگی کپ ناودەبرێن .

٢ـ کرانەوە و هاتنەوە یەکی ژێیەکان بەخێرایی و یەک بەدوای یەکدا لەگەڵ تێپەڕبوونی هەوادا، کە دەبێتە هۆی لەرینەوەی ژێیەکان، ئەو دەنگەی بەمشێوەیە بدرکێت بە دەنگی گڕ ناودەبرێن .

٣ـ هاتنەوە یەکی تەواوی ژێیەکان بۆ ماوەیەک و کرانەوەیان و بەڕەلابوونی هەوا، ئەم بارەش دەبێتە هۆی درکاندنی دەنگی هەمزە .[١]

هەمدیسان ژێیەکان ئەرکی بایلۆجییان ئەوەیە ناهێڵن خواردن بچێتە ناو بۆڕیی هەناسەوە، لە قسەکردندا کە دێتەوە یەک، بەهێزی بای هاتوو لە سییەکانەوە دەلەرنەوە و سیمای ژێداری

---

[١] ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨ ـ ٢١٩ .

دەدەنە دەنگەکە، گەر لێکدوورکەونەوە، ئەوە با بێ تەگەرە لە نێوانیاندا تێدەپەڕێت.[1]

**٨. گەروو:**

بۆشاییەکی فراوانە دەکەوێتە نێوان ڕەگی زمان و دیواری پشتەوەی گەروو، کە لە بۆشایی لووتەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە قوڕگ، واتە دەکەوێتە سەرووی قوڕگەوە، هەروەها بە ئەندامێکی درکاندن لەقەڵەم دەدرێت و هەواش بە ناویدا بەرەو زار و لووت تێدەپەڕێت.[2]

**٩. سازگەی دەنگیی:**

ئەندامێکی درکاندنی چەسپاوە، بەشداری لە پرۆسەی درکاندنی دەنگەکانی زمان دەکات، کاتێ کە دەلکێن یان نزیک دەبێتەوە لە ئەندامێکی تری درکاندنی چالاک، کە بە درکێنەر ناودەبرێت، درکێنەر لە خوارەوە دەبێت و سازگەی دەنگیش لە سەرەوە دەبێت، زمان و لێوی خوارەوە نموونەی درکێنەرن، بەڵام لێوی سەرەوە و ددانەکان و مەڵاشووی ڕەق ..........هتد دەبن بە سازگەی درکاندن.[3]

---

١ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ٥٨ .

٢ـ تالّیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ١٤٤ .

٣ ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٦١ .

**١٠. ناوپەنچک:**

ئەندامێکی یاریدەدەرە لە پرۆسەی هەناسەداندا، دەکەوێتە نێوان سینگ و سکەوە، یارمەتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی سییەکان دەدات، بە بەرزبوونەوەی ناوپەنچک، هەوا لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە، بە نزمبوونەوەی هەوا لە دەرەوە دێتە ناو سییەکان.[١]

**ترپە:**

ترپە زنجیرە دەنگێکە، کە دوو یان چەند بڕگەیەکە، هێز یەکیخستبن، بۆیە ترپە دەتوانێ هاوسەنگی وشە بێ و وشە لە گرووپی یەک کێشیدا یەکبخات، ئەو جۆرە دابەشکردنەی ترپەیی ڕستە لە بنەمای ئاوازی شیعردا هەیە، کە کێشەکەی گۆڕینی ژمارەیەک بڕگەی بێهێز بە بڕگە و دێر دەگرێتەخۆ .[٢]

کەواتە ترپە بریتییە لە بەدوای یەک هاتنی ئاوازەی دەنگەکانی زمان، ئەمەش کاتێک ئەنجام دەدرێت، کە جۆری دەرکەوتنی بڕگەکان بەرەو دوای یەک دێن .[٣]

١. تالیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ٤٩ .

٢ــ عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٩ .

٣. تالیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، ل ١٢٠ .

**هێز:**

زیادە وزە و پاڵەپەستۆیەکە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، هێزیش دەچێتە نێو ئاستی مۆرفۆلۆجی، بەڵام لە پراگماتیکدا زیاتر ڕۆڵی دەردەکەوێت، چونکە لە ئاخاوتندا ئەم ڕۆڵە دەبینرێت.

**ئاوازە:**

ئاوازە بریتییە لە بەرزی و نزمیی دەنگی ئاخاوتن، کە کار لە واتای گوتنەکەدا دەکات.(١) واتە گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاوازەی ڕستە، هەر ئاوازەشە واتای جیاواز بە ڕستە دەبەخشێت.(٢) ئاوازەش دەچێتە نێو ئاستی سینتاکس، بەڵام لە پراگماتیکدا زیاتر ڕۆڵی دەردەکەوێت، چونکە لە ئاخاوتندا ئەم ڕۆڵە دەبینرێت.

---

[١] ـ عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، ل ٣٠ .

[٢] ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل٢٨٩ .

## ئەلۆفۆن (شێوەی فۆنیم)

ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە پێشگری (allo ـ شێوەی جیاواز) و وشەی (phone ـ دەنگ) پێکهاتووە. بەو جۆرەی وشەی (Allophone) بە مانای شێوەی فۆنیم یان ئەلەفۆن (ئەلۆفۆن) دێت. یاخود شێوەیەکە لە شێوەکانی درکاندنی هەمان فۆنیم، بێ ئەوەی درکاندنی ئەو شێوە جیاوازە کار لە واتای وشە بکات، واتە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە کە فۆنیمێک دەیانگرێتەخۆیەوە و بە ئەندامێکی یان ئەلۆفۆنی ئەو فۆنیمە دادەنرێت، وەک گۆکردنی /ت/ لەم وشانەدا بەشێوەی جیاواز: تەڕ، تەمەن، تاڵ، گرت...[1]

کەواتە ئەلۆفۆن شێوەی جیاجیای هەمان فۆنیم لە زماندا دەگرێتەوە، هەروەها بە چەند دەنگێک کە لە یەک فۆنیمدا کۆدەبنەوە، واتە دەربڕینی یەک فۆنیم بە چەند جۆرێک دەڵێن شێوەی فۆنیم.

بەشێک لە شێوەی فۆنیم ئەوانەن، کە بەتایبەتی بە شێوە و جۆری گۆکردنی کەسانی جیاوازەوە بەستراون، یاخود هەر یەک کەس، بەڵام بە گوێرەی شوێن و پێویستی گۆکردنی خۆی دەگۆڕێ. بۆ نموونە فۆنیمی (ا) دەتوانرێ بەرز یان نزم، درێژ یان کورت گۆبکرێت، یاخود دەبینین هەموو کەس وەک یەک

---

[1] ـ تاڵیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی دەنگسازی، ل١٢.

دەنگی /ش/ گۆناکەن، دیارە ئەمانەش بەهۆی بوونی دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاوازەوە زۆر بەر گوێ دەکەون. بۆ نموونە لە شێوە ئاخاوتنی هەورامیدا دەنگی /س/ وەک (پ) و دەنگی (ز) وەک (ژ) گۆدەکرێ، لە شێوەی ئاخاوتنی هەولێریش (سۆرانی)، دەنگی / ڵ / دەکرێ بە (ر).

هەروەها لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی فۆنیمی (ص) نییە، بەڵام لە هەندێ وشەدا هەست بە دەنگی / ص/ دەکرێ، بەتایبەتی لەم وشانە:

سەگ (ص)

ساڵ (ص)

سەد (ص)

## مۆرف

مۆرف بە شێوەیەک لە شێوەکانی ئەلۆمۆرف دادەنرێت و فۆرمێکی فیزیکییە، واتە خاوەن قەبارەیەکە مۆرفیم دەنوێنێ یان پیشاندەدات. واتە مۆرف خۆی دەنگە یان کۆمەڵە دەنگێکی جیاوازە کە لە ژینگەی تردا دووپاتدەبێتەوە.

لە زۆر حاڵەتدا یەک مۆرفیم، تەنیا یەک مۆرفی هەیە، واتە یەک مۆرف نوێنەری دەکات و لە یەک جێگر یان مۆرف زیاتر پەسند ناکات، وەک لەم وشانەدا ڕووندەبێتەوە:

مۆرفیم ← دار، بەرد، هەڵۆ

مۆرف ← دار، بەرد، هەڵۆ

هەندێجاریش مۆرفیم زیاتر لە مۆرفێک، واتە نوێنەرێکی هەیە و هەریەکەیان بۆ ژینگەیەک یان جێگەیەک دەستدەدەن، بۆنموونە مۆرفیمی (کوش، ڕش، گەس) هەریەکەیان دوو مۆرفیان هەیە و هەر مۆرفەی بۆ شوێنێکی تایبەتی دەست دەدەن و ناتوانن جێگەیان بگۆڕنەوە، وەک:

مۆرفیمی (کوش) دوو مۆرفی هەیە : کوش، کوژ .وەک:

کوشتم، دەکوژم

مۆرفیمی (ڕش) دوو مۆرفی هەیە : ڕش، ڕژ . وەک:

ڕشتم، دەڕێژم

مۆرفیمی (گەس) دوو مۆرفی هەیە : گەس، گەز . وەک:

گەستم، دەگەزم

هەندێجاری تریش وا ڕێکدەکەوێت، کە تاکە مۆرفیمێک بە هۆی چەندین مۆرفەوە نیشاندەدرێت، وەک:

مۆرفیمی ( ەکە ) چەند مۆرف و ئەلۆمۆرفێکی هەیە:

مۆرفی ( ەکە )، وەک : کوڕ + ەکە = کوڕەکە (ەکە)

مۆرفی (ەک)، وەک : کوڕ + ەکە+ ان = کوڕەکان (ەک)

مۆرفی (کە)، وەک : چرا + ەکە = چراکە (کە)

مۆرفی ( ک )، وەک : چرا + ەکە + ان = چراکان (ک)

مۆرفی (یەک)، وەک : چرا+ ەکە+ ان = چرایەکان (یەک)

مۆرفی (یەکە)، وەک : چرا+ ەکە= چرایەکە (یەکە)

## مۆرفیم

### چەمک و پێناسەی مۆرفیم

مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری یان خاوەن ئەرکی زمانە. بەو واتایەی مۆرفیم یان واتای هەیە، یاخود ئەرکێک لە زماندا دەبینێت. لە لای بلۆمفیلدیش مۆرفیم بریتییە لەو فۆرمە زمانییەی، کە لە ڕووی فۆنەتیکیی و سیماتیکییەوە لە هیچ فۆرمێکی دیکە ناچێ.[1]

مۆرفیم لە فۆنیمێ یان زیاتر پێکدێت، دەورێکی لە ڕێزماندا هەیە، بە گۆڕین یان لابردنی هەر فۆنیمێک، وات و دەورە ڕێزمانییەکەی تێدا دەچێت.[2]

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە مۆرفیم لە فۆنیم دروست نابێت، چونکە واتای مۆرفیم لە پێکهاتەی فۆنیمێکەوە دروست نابێت، لە هەمان کاتیشدا فۆنیم لە خۆیدا واتای نییە، بە واتایەکی تر، فۆنیم یەکەیەکە خۆی واتای نییە، بۆیە ناتوانێت واتا بە یەکەیەکی تر ببەخشێت، کەواتە ئەو یەکەیەی کە لە فۆنیمێک یان زیاتر پێکدێت

---

[1] ـ حەیدەر حاجی خدر، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی ـ لە ڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٠، ل٣٦ .

[2] ـ وریا عومەر ئەمین(د)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، ل ٩١ .

مۆرفە نەک مۆرفیم، بەتایبەتی کە مۆرفیم خۆی یەکەیەکی هۆشەکی نابەرجەستە بێت.[1]

## تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم

١ـ مۆرفیم دانەیەکی خاوەن فۆرمە، واتە دانەیەکی فیزیکییە یان شێوەیەکی فۆنەتیکی هەیە.

٢ ـ مۆرفیم دانەیەکی واتادارە.

٣ـ مۆرفیم ڕۆڵێکی ڕستەسازی دەبینێ، واتە لە پێکهێنانی ڕۆنانی ڕێزمانی گەورەتر لە خۆی بەشداریدەکات.[2]

بۆ نموونە ڕیزە دەنگی (مانگ) لە زمانی کوردیدا یەک مۆرفیمە، چونکە:

١ـ قاڵبێکی فیزیاویی هەیە، کە دەنگەکانییەتی (م، ا، ن، گ)، ئەم دەنگانە لە ئاخاوتندا دەبیسترێت.

٢ـ واتایەکی هەیە، ئەو تەنە ئاسمانییەیە، کە بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە .

٣ـ دەورێکی لە ڕێزماندا هەیە، دەتوانێ لە ئاستی سینتاکسدا وەک بکەر یان بەرکار .. لە ڕستەکەدا دەرکەوێت.[3]

---

[1] ـ محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل٢٤.

[2] ـ کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠، ل ٣٩ .

[3] ـ وریا عومەر ئەمین(د)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، ل ٩١ .

**جۆرەکانی مۆرفیم**

تا ئێستا مۆرفیم بە چەندین شیوازی جۆراوجۆر لای زمانناسان خراونەتەڕوو، بەڵام باشترین دابەشکردن، ئەو دابەشکردنەیە کە هەموو کەرەسەکان دەگرێتەخۆ و هیچ کەلێنێک ناهێڵێتەوە، کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:[1]

**یەکەم : مۆرفیمی سەربەخۆ**

ا- مۆرفیمی لێکسیکی(فەرهەنگی)

ب - مۆرفیمی ئەرکی

**دووەم: مۆرفیمی بەند**

١- گیرەک:

ا- ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان)

ب - وشەداڕێژ (پێشگر، پاشگر، ناوبەند)

٢- بنکەی بەند(ڕەگ)

٣- نووسەک

**١- مۆرفیمی سەربەخۆ(ئازاد، سەربەست)**

مۆرفیمی سەربەخۆش بەو مۆرفیمانە دەوترێت کە بە تەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و خاوەن ڕواڵەتێکی سەربەخۆیە، وەک (گوڵ، دار، بەرد، ئاسن، پیاو، کچ،.......هتد).

مۆرفیمە سەربەخۆکانیش دوو جۆرن:

---

[1] - محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل ٢٩ .

### أ- مۆرفیمی لێکسیکی(فەرهەنگی)

بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە دەتوانن بە شێوەی سەربەخۆ و ڕاستەخۆ واتا ببەخشن[1]، ئەمجۆرەیان زۆرجار وشەی تەواویان پێکدێنن و ژمارەیەکی زۆری وشەکانی زمان پێکدێنن، ئەمجۆرەیان بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە،...) دەگرێتەوە.

### ب ـ مۆرفیمی ئەرکی

ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ ئەرکی ڕێزمانی دەبینن، بەڵام بە تەنیا هیچ واتایەکی ئەوتۆیان نییە، تاکو نەخرێنە پاڵ وشەی تر، واتە ئەم مۆرفیمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقعییەوە نییە و سەربەخۆ ناتوانن وەک ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو دەوریان یارمەتیدانی وشە و مۆرفیمە فەرهەنگییەکانە.[2] مۆرفیمە ئەرکییەکانیش وەک ئامرازەکان و جێناوەکان.

### دووەم: مۆرفیمی بەند

مۆرفیمی بەند بەو مۆرفیمانە دەوترێت کە بە تەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لە شێوەی بەندا دەردەکەوێت و پێویستی بە مۆرفیمی سەربەخۆ هەیە بۆ ئەوەی

---

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی،ل٧٢.

٢ ـ هەمان سەرچاوە، ل ٧٢.

دەرکەوێت و بەکاربێت، واتە خاوەن ڕواڵەتێکی سەربەخۆ نییە، وەک ( ڕا، هەڵ، ەکە، ان، .........هتد). مۆرفیمە بەندەکانیش بە چەند شێوەیەک دەبینرێت:

**١. گیرەک:**

زاراوەی گیرەک لە زمانی کوردیدا بەرانبەر (affix)ی زمانی ئینگلیزی بەکارهاتووە، ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە لە شێوەی بەند دەردەکەون و مۆرفیمێکی بەستراوەیە لەگەڵ مۆرفێمێکی تر یان وشەیەکی تر، سەربەخۆ بێ یان بەستراوە، وشە یان مۆرفیمێکی نوێ پێکدێنن، ئەمەشیان لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت:

**أ. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان):**

بەو مۆرفیمانە دەوترێتن کە تەنیا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕێت، بە بێ ئەوەی واتای سەرەکی وشەکە بگۆڕێت، نیشانەکانیش بریتین لە:

ـ نیشانەی ناسراوی (ەکە).وەک:

کوڕ + ەکە= کوڕەکە

ـ نیشانەی نەناسراوی(ێک،ەک،ێ). وەک:

کوڕ + ێک= کوڕێک

ـ نیشانەی کۆ(ان، هات، جات، وات، ات، ەها، گەل). وەک:

کوڕ + ان= کوڕان

ـ نیشانەکانی کاری ڕابردوو. وەک:

(وو، ی، د، ا، ت). برد(بر + د).

ـ نیشانەی بەراور(تر). وەک:

جوان +تر = جوانتر

ـ دەیەها نیشانەی تر......

**ب ـ مۆرفیمی بەندی وشەدارِێژ (پێشگر، پاشگر، ناوبەند):**

بەو مۆرفیمانە دەوترێت کە واتای وشە دەگۆڕن، واتە ئەم مۆرفیمە لە شێوەی پێشگر یان پاشگر دەچنە سەر وشە و بەشداری دەکەن لە دروستکردن واتای نوێی وشە، ئەم جۆرە پەیوەست نییە بە حاڵەتی ڕێزمانی، بەڵکو پەیوەستە بە ڕۆنانی وشە. وەک:

هەڵ + کرد= هەڵکرد

ڕا + کرد= ڕاکرد

ڕۆ + چوو = ڕۆچوو

شوێن + ەوار = شوێنەوار

کار + گە = کارگە

برد + ەوە = بردەوە

سەر + باز = سەرباز

سەر + ان + سەر = سەرانسەر

ڕەنگ + او + ڕەنگ = ڕەنگاوڕەنگ

### ٢. مۆرفیمی بەندی بنکەی(ڕەگ):

بەو مۆرفیمە بەندانە دەوترێت، کە دەبنە بنکە بۆ دروستکردنی وشە، واتە ئەمجۆرەیان لە شێوەی ڕەگی کار ڕەگی وشە دەبینرێت، کە مانای سەرەکی وشە و مۆرفیم لەخۆی کۆدەکاتەوە، وەکو ڕەگی ڕانەبوردوو.

کەوتن ← کەو

بردن ← بە

### ٣. نووسەک (نیشانە):

ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە بە بەشی دواوەی وشە دەلکێن، بەڵام نە دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشە و نە دەبنە هۆی گۆڕینی حاڵەتی ڕێزمانی وشە، ئەمجۆرە لە زمانی کوردیدا تەنیا جێناوە لکاوەکان دەگرێتەوە. وەک:

- خانووم کڕی. ( بە ناو لکاوە)
- بردمان.( بە کار لکاوە)
- بۆ ئازاد دەم هێنا. ( بە نیشانەی کاری ڕابوردوو لکاوە)
- کچێکی جوانم بینی.(بە ئاوەڵناو لکاوە)

## ئەلۆمۆرف

زاراوەی ئەلۆمۆرف بۆ ئەو مۆرفە جیاوازانە بەکاردێت، کە پێکەوە تاکە مۆرفیمێک دەنوێنن.[1] واتە ئەلۆمۆرف یان شێوە جیاجیاکانی هەمان مۆرفیم، کە بەهۆیەوە هەندێ مۆرفیم بە زیاتر لە یەک قاڵب و شێوەدا خۆیان دەردەخەن، هەر جۆرە قاڵب و شێوەیەکیش (مۆرف)ێکی مۆرفیمەکەیە، مۆرفەکانیش ئەلۆمۆرفی یەکترن.[2]

ئەلۆمۆرف لە نێوان مۆرفیم و مۆرفدا دەوەستێ و بە یەکتریانەوە دەلکێنێ، بۆنموونە (ت) و (یت) و (تۆ) هەرسێکییان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاکن لە کرمانجی ناوەڕاستدا، هەروەک (من) و (م) دەبنە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کەسی یەکەمی تاک.[3]

---

[1] ـ محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی،چاپخانەی ڕوون، سلێمانی،٢٠٠٦، ل١٧ .

[2] ـ وریا عومەر ئەمین(د)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٦٤ .

[3] ـ محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل١٧ .

## هۆکارەکانی بوونی ئەلۆمۆرف

بوونی شێوەی جیاواز بۆ هەمان مۆرفیمیش، چەند هۆیەکی هەیە، لەوانە:[1]

### ١. هۆکاری دەوروبەر و ژینگە:

لە ئەنجامی کارتێکردنی دەنگەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ئەو شوێنەیە کە مۆرفیمەکەی تێدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە نیشانەی ناسراوی لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوەیەک (ەک، کە، ەکە، ک، یەک، یەکە........) خۆی دەردەخات، بەپێی ئەو ژینگەیەی تێدا دەردەکەوێ، وەکو:

کوڕ + ەکە = کوڕەکە (ەکە)

کوڕ + ەکە+ ان = کوڕەکان (ەک)

چرا + ەکە = چراکە (کە)

چرایەکە (یەکە)

چرا + ەکە + ان = چراکان (ک)

چرایەکان (یەک)

کەواتە (ەکە، کە، یەکە، ک، یەک) مۆرفی مۆرفیمی نیشانەی ناسراوین، و ئەلۆمۆرفی یەکترن.

### ٢. هۆکاری ڕێزمانی:

لێرەدا هۆکاری ڕێزمانی ڕۆڵی ئەوە دەبینێت وشەکەکە شێوەی تر وەرگرێت، وەک پێشبەندی (لە) دەبێتە (لێ) و

[1]ـ وریا عومەر ئەمین(د)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، ل ٦٤ ـ ٦٥ .

پێشبەندی (بە) دەبێتە (پێ)، کاتێک کەرەسەکەی دوای خۆیان دەکرێتە جێناوی لکاو.

لە تۆ دەپرسم. (لە)

لێت دەپرسم. (لێ)

بە تۆ دەڵێم. (بە)

پێت دەڵێم. (پێ)

## ٣. هۆکاری فۆنۆلۆجی:

لێرەدا هۆکاری فۆنۆلۆجی ڕۆڵی ئەوە دەبینێت وشەکە شێوەی تر وەرگرێت، وەک جێناوی لکاوی (ات)، کە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کاری ڕانەبوردوودا بەکاردێ، کاتێ دەردەکەوێ ئەگەر ڕەگی کار کۆتاییان بە دەنگەکانی (ە) یان (ۆ) هاتبێ، وەک:

| چاوگ | ڕەگ | کاری ڕانەبردوو |
| --- | --- | --- |
| خواردن | خۆ | دەخوات |
| شوشتن | شۆ | دەشوات |
| ڕۆیشتن | ڕۆ | دەڕوات |
| کردن | کە | دەکات |
| بردن | بە | دەبات |

جگە لەم دوو حاڵەتە، ئەوە لەهەموو حاڵەتەکانی تردا، جێناوی (ێت) بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکاردێ، وەک:

چوون ← چـ ← دەچێت .

بەپێی یاسایەکی تری فۆنۆلۆجی دەشێ (ت)ی (ات) و (ێت) لاببرێ، ئەگەر بزوێنێ لە دوایاندا نەهات، بەبێ ئەوەی کار لە مانا و بواری ڕێزمانییەکەیان بکات، وەک:

دەخوات ← دەخوا

دەچێت ← دەچێ

بەمە ژمارەی مۆرفەکانی مۆرفیمی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەبێت بە (ات، یت، ا، ێ).

## ٤ـ هۆی مێژوویی:

لە ئەنجامی ئەو گۆڕینانەی بەسەر زماندا دێت یا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر، هەندێ مۆرفیم هاوواتا و هاوئەرکیان بۆ پەیدا دەبێ، هەردووک دەبنە دوو مۆرفی هەمان مۆرفیم و ئەلۆمۆرفی یەکتر و شانبەشانی یەکتری بەکاردێن، هەندێ جار بەکارهێنانی یەکێکیان بەرەبەرە کەمتر دەبێ و دەپووکێتەوە تا وای لێدێ تەنیا لە هەندێ حاڵەتدا بەکاردەهێنرێ یا بە یەکجاری لە بەکارهێنان دەکەوێت، وەک نیشانەکانی کۆ (ان، هات، جات، وات، ات، ەها، گەل)، نموونە:

(کوڕان، دێهات، میوەجات، سەوزەوات، باخات، جارەها، کوڕگەل).

لێرەدا (ان، هات، جات، وات، ات، ەها، گەل) ئەلۆمۆرفی یەکترن.

نیشانەی (ان) لە زمانی کوردیدا بە نیشانەی سەرەکی کۆ دادەنرێت، چونکە دەچێتە سەر بەشی دواوەی زۆربەی ناوەکانی زمانی کوردی، لە کاتی وەرگرتنی نیشانەی کۆدا ئەگەر ناوەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوە وشەکەدا هیچ گۆڕانکاری بەسەر نایەت، بەڵکو وەک خۆی دەنووسرێ، وەکو:-

کوڕ+ ان = کوڕان

کچ + ان = کچان

پیاو+ ان = پیاوان

ژن + ان = ژنان

بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبوو، ئەوە وشەکە گۆڕانکاری بەسەردادێ، واتە لە هەندێ حاڵەتدا پیتی (ی)ی نەبزوێن دێتە نێوان ناوەکە و نیشانە کۆیەکەوە و، لە هەندێ حاڵەتی تردا (ە) تێدەچێت، هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

مامۆستا + ان = مامۆستایان

قوتابخانە + ان = قوتابخانان

چەقۆ+ ان = چەقۆیان

کەچی نیشانەکانی (ات، هات، جات، وات، گەل، ەها)، بە نیشانەی ناسەرەکی کۆ دادەنرێن لە زمانی کوردیدا، کە دەچنە سەر ناو و لە تاکەوە دەیگۆڕن بۆ کۆ، هەر بۆیەش پێی دەوترێ

نیشانەی ناسەرەکی، چونکە ئەم نیشانانە دەچنە سەر چەند ناوێکی دیاریکراو لە زمانەکەماندا، هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

باخ + ات = باخات

دێ + هات = دێهات

سەوزە + وات = سەوزەوات

میوە + جات = میوەجات

مێ + گەل = مێگەل

کوڕ + گەل = کوڕگەل

جار + ەها = جارەها

سالأ + ەها = سالّەها [١]

### ٥. شێوازی جیاواز:

هەندێ ئەلۆمۆرف لە شێوازێکدا بەکاردێن و لە شێوازێکی تردا نابینرێن، لێرەدا زاراوەی شێواز تەنیا شێوە ناوچەییەکان (زار و شێوەزار) ناگرێتەوە، بەڵکو شێوە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە، وەک (زاری یەکگرتوو، زاری ئەدەبی، زاری نووسین، زاری منداڵ و لاو و پیر....)، یان زاری چینێکی کۆمەڵایەتی وەک (ژن، پیاو، دەوڵەمەند، کرێکار.....) بۆنموونە

[١] ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(د)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢١ ـ ٢٢ .

مۆرفیمی(ـ ەوە)ی دووبارەکردنەوە بەپێی زارەکان بە ئەلۆمۆرفی جیاجیا خۆی دەنوێنێت، بەجۆرێک (ـ ەوە) لە زۆربەی شێوەزارەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بەکاردێت، کەچی (ـ ئەوانێ) لە شێوەزاری سلێمانیدا بەکاردێت، وەک لەم نموونانەدا ڕوونی دەکەینەوە:

ـ دەرگاکەم کردەوە. (زاری نووسین)

ـ دەرگاکەم کردەوانێ. (شێوەزاری سلێمانی).[1]

[1] ـ محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل٢١ ـ ٢٢ .

# فۆنۆلۆجی

## چەمک و پێناسەی فۆنۆلۆجی

فۆنۆلۆجی لە بنەڕەتدا لە وشەی (phoneloge)ی یونانییەوە وەرگیراوە، کە ئەویش لە (phon ـ دەنگ) و (loge ـ زانست) پێکهاتووە، کەواتە لە ڕووی زاراوەوە فۆنۆلۆجی واتای زانستی دەنگ دەگرێتەوە.

لە ڕووی زانستەوە فۆنۆلۆجی لقێکە لە دەنگسازی، تیایدا ئاماژە بە یاساکانی دەنگ دەکات، وەکو: (یاسای پەیدابوونی دەنگ، یاسای تێچوونی دەنگ، یاسای جێگۆڕکێی دەنگ،.. هتد)، بەو واتایەی فۆنۆلۆژی لایەنی پراکتیکی دەنگ دەگرێتەخۆ.[١]

هەر زمانێک کۆمەڵێک یاسای تایبەتی بە خۆی هەیە، کە بەهۆیەوە فۆنۆلۆجی فۆنیمەکان دەست نیشاندەکات، و لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنیمانە لێکدەدات و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێکدێنێ و لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکانیش، دەنگ هەیە دەگۆڕێت و دەنگ هەیە پەیدادەبێت و دەنگ هەیە تێدەچێت

---

[١]ـ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(د)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٣ .

.....هتد.[1] بۆیە لێرەدا هەموو یاساکانی دەنگ لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو.

---

[1] ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٥٣.

## یاساکانی دەنگ لە زمانی کوردیدا

### یەکەم: گونجانی دەنگ

گونجانی دەنگ بریتییە لە کاریگەری دەنگێک لەسەر دەنگێکی تر، چونکە ((گونجان بریتییە لە گۆڕانی دەنگێک بۆ ئەوەی لە دەنگێکی دراوسێ خۆی بچێت، مەبەست لە گونجان ئاسانکردنی درکاندنە، هەروەها هۆی ڕوودانی ئەم دیاردەیە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی دوان و ڕێکخستن و گونجاوی جووڵانەوەی ماسوولکەکان لەکاتی درکاندنی دەنگەکاندا، ئەم کارە دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لەناو دەنگە دراوسێکاندا، کە بە چەند یاساییەکی فۆنۆلۆژی دەست نیشان دەکرێن و لێک دەدرێنەوە)).[١]

گونجانیش دوو جۆرە:

**١. گونجانی تەواو:**

لەمجۆرە گونجانەدا، دەنگێک دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دەنگێکی تر بچێت، واتە دەنگێکی کارتێکراو دەگۆڕێت بە دەنگی کارتێکەر، ئەم دیاردەیەش پێی دەوترێت گونجانی تەواو، ئەم

---

[١] طالب حسین علی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٨٩، ل ٤٩.

جۆرەش بە مەبەستی ئەوە دێتە کایەوە بۆ ئەوەی کەمترین تین بەکاربێت، بەهۆی دوورکەوتنەوە لە جووڵانەوەی ماسوولکەیی لەکاتی درکاندندا.[١]

ئەم گونجانە بە زۆری لە شێوەزاری سلێمانی لە کرمانجی ناوەڕاستدا هەستی پێدەکرێت و لە دەنگەکانی / د/ و / ب/ ئەو گۆڕانکارییەیان بەسەردا دێت.[٢]

١ـ فۆنیمی / د/:

أ ـ لە وشەی نادادەدا، ئەگەر مۆرفیمی یەکەم کۆتایی بە دەنگەکانی / ز، م، ڤ، ن، ڵ، و، ر/ هاتبێ و یەکەم دەنگی مۆرفیمی دووەمی /د/بێ، ئەوە ئەو (د)ە، وەک ئەو دەنگانەی مۆرفیمی یەکەمی لێدێت،[٣] وەک:

حەڤ + دە = حەڤڤە

گوڵ + دان = گوڵڵان

ئاو + دان = ئاووان

ب ـ دەنگی / د/ کاتێ لە پێش یان لە پاش دەنگی / ت/ دێت، ئەوە تووشی گونجانی تەواو دەبێت.[٤]

---

١- طالب حسين علی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

٢- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، یاسای دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٥٥.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٥٥.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

١. کاتێ دەکەوێتە پێش دەنگی / ت/، وەک:

کردتان ـــ کرتتان

بردتان ـــ برتتان

٢. کاتی لە پاش دەنگی / ت/ دێت، وەک:

ماتدان ـــ ماددات

خەتدار ـــ خەددار

دووەم: فۆنیمی / ب/: کاتێ دەنگی / ب/ لەدوای دەنگی / م/ دێت، دەبێتە(م)، وەک:

شەمبە ـــ شەممە

لێم بە ـــ لێم مە

**٢. گونجانی ناتەواو:**

لەمجۆرە گونجانەدا، بەشێک یان سیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدا بکات، لەگەڵ دەنگێکی تردا، بەتایبەتی لەگەڵ دەنگەکانی کارتێکەرەکەدا، واتە گۆڕانەکە هەموو سیفەتی دەنگەکانی ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا لە سیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کارتێکەرەکەدا یەکدەگرنەوە، بۆ ئەوەی دوو دەنگە جیاوازەکە لەیەکتر نزیک ببنەوە لە سیفەتی قەڵەوی یان گڕی یان کپی.. هتد. لەم حاڵەتەدا جووڵانەوەیەکی هارمۆنی

پەیدا دەبێت لە نێوان ئەندامەکاندا، بۆ ئەوەی تینی ماسوولکەیی کەم بەکاربێت لەکاتی درکاندندا.[١]

لەمجۆرەدا دەنگێکی گڕ دەگۆڕدرێت بۆ دەنگێکی کپ، بەمەبەستی خۆگونجاندنی لەگەڵ دەنگێکی تر لە تایبەتمەندی کپی،[٢] وەک:

ژ - ش

ڕۆژباش ـــ ڕۆش باش

ب - پ

چ بکەم ـــ چ پکەم

ز - س

ڕێزگرتن ـــ ڕێس گرتن

س - ز

دەست + گا = دەستگا - دەزگا

مس + گەر = مسگەر - مزگەر[٣]

ش - ژ

پشدەر ـــ پژدەر

---

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

٢- دیار عەبدولکەریم سەعید هالو، یاساییێن دەنگی د کوردیا ژۆری دا (گۆڤارا بەهدینان)، دەزگای سپیرێز، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١١، ل ٨١.

٣- دولبەر ئیبراهیم شالی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

## دووەم: تێچوونی دەنگ

بریتییە لە تێچوونی دەنگێک یان زیاتر لە مۆرفیمێک یان وشەیەک . ئەم تێچوونەش کە لە مۆرفیم یان وشەدا ڕوودەدات بۆ مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕینە. تێچوونی دەنگیش لە مۆرفیم و وشەدا لە چەندین حاڵەت و باردا دەبێت، کە ئەوانیش بریتین لە حاڵەتەکانی:

**أ . تێچوونی بزوێن:**

لە زمانی کوردیدا دیاردەی کورتکردنی بزوێن یان تێچوونی بزوێن هەیە، بەتایبەتی کاتێ دوو مۆرفیم یان زیاتر دەچنە پاڵا یەکتری ئەمە ڕوودەدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن لەپاڵا یەکتریدا نایێن، لەم حاڵەتەشدا یەکێکیان تێدەچێت یاخود هەندێ جاری تر نەبزوێنێک دێتە نێوانیان بۆ جیاکردنەوەی هەردوو بزوێنەکە.

**١. تێچوونی بزوێنی** (ە):

ئەگەر وشەیەک بە بزوێنی (ە) کۆتایی هاتبێت، و نیشانەی (ەکە)ی ناسراوی یاخود (ەک)ی نەناسراوی یان نیشانەی (ان)ی کۆ یاخود نیشانەی (اندن)ی تێپەڕاندی بخرێتەسەر، ئەوە (ە) تێدەچێت، وەک:

**شووشە + ەکە = شووشەکە**

**نامە + ەک = نامەک**

**خەندە + ان = خەندان**

**ناڵە + اندن = ناڵاندن**

هەروەها ئەگەر وشەیەک کۆتایی بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ۆ، ێ) هاتبێت، ئەوە (ە) تێدەچێت، چونکە (ە) بزوێنێکی کورتە و، بزوێنەکانی (ا، ۆ، ێ) درێژن، بۆیە بزوێنە کورتەکە دەبێتە قوربانی بزوێنە درێژەکان.

**چرا + ەکە = چراکە**

**چەقۆ + ەکە = چەقۆکە**

**ترێ + ەکە = ترێکە**[1]

**٢. تێچوونی بزوێنی**(ا):

ئەگەر وشەیەک کۆتایی بە (ا) هاتبێت، و نیشانەی دانانی (ایە) یاخود نیشانەی (اندن)ی تێپەڕاندنی بخرێتەسەر، ئەوە بزوێنی (ا) تێدەچێت، وەکو:

**کردبا + ایە = کردبایە**

**ڕووخا + اندن = ڕووخاندن**

**ب . تێچوونی نەبزوێن**

لە هەندێ حاڵەتدا دەنگی نەبزوێن تێدەچێت، هەندێجار هۆکارەکە پەیوەندی بە شێوەزار و زارەوە هەیە، هەندێجاری تر پەیوەندی بە کارتێکردنی دەنگەکانی دراوسێیەوە هەیە یاخود

---

[1] دولبەر ئیبراهیم شالی، هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

پەیوەندی بە نزیکی سازگەی دەنگی دەنگەکانەوە بە یەکترییەوە هەیە.

**١. تێچوونی دەنگی /ئـ/:**

لە وشەی لێکدراودا (ئـ) تێدەچێت، بەتایبەتی کاتی مۆرفیمی دووەم بە نەبزوێنی (ئـ) دەستی پێدەکات، ئەوە لەم حاڵەتەدا (ئـ) تێدەچێت، وەکو:

**ماست + ئاو = ماستاو**

**گوڵ + ئاو = گوڵاو**

یاخود لەو وشانەی کە عەرەبین و هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، ئەوە کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی یاسای فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی، بۆیە بە ئاوازێکی کوردییانە دەردەبڕێن و تێدەچن، وەکو:

**دائم ← دایم**

**بئر ← بیر**

**٢. تێچوونی دەنگی /ب/:**

لە کاری فەرماندا (ب) وەکو نیشانەی ئەرێی فەرماندان بەکاردێت، لە وشەی سادەدا هەمیشە دەبێت بنووسرێت، بەڵام لە وشەکانی داڕژاو و لێکدراودا دەشێ دەرنەکەون، بەو واتایەی (ب) لە حاڵەتی داڕژاو و لێکدراودا تێدەچێت، وەکو:

**دا + ب + نیش + ە = دانیشە**

**ڕا + ب + ک + ە = ڕاکە**

**سەر + ب + کەو + ە = سەرکەوە**

**٣. تێچوونی دەنگی /ت/:**

لە وشەی سادە و ناسادەدا، زۆرجار دەنگی /ت/ تێدەچێت، وەک:

**دەکرێت ← دەکرێ**

**دەست ← دەس**

**یاداشت ← پاداش**

**دەکات ← دەکا**

**دەچێت ← دەچێ**

**دەست ماڵ ← دەسماڵ**

**دەست کەوت ← دەسکەوت**

**دەست درێژ ← دەسدرێژ**

**حەفت سەد ← حەفسەد**

**هەشت سەد ← هەشسەد**

**دەست پێک ← دەسپێک**

**٤. تێچوونی دەنگی /ش/:**

لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، زۆرجار دەنگی /ش/ تێدەچێت، هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**فرۆشتن ← فرۆتن**

**ڕێشتن ← ڕێتن**[1]

**٥. تێچوونی دەنگی /د/:**

زۆرجار شێوەزاری سلێمانی کرمانجی سەروو، دەنگی /د/ لە وشەی سادە یان نادەادا تێدەچێت، ئەمیش بەهۆی کارتێکردنی ئەو دەنگانەی لەگەڵیدا دێن و بۆ مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕینە، لە هەمان کاتیشدا لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا لە زۆر نموونەی چاوگ، قەدی کار، ناو، ئاوەڵناودا، دەنگی /د/ دەرناکەوێت، بەو واتایەی دەنگی /د/ لە هەمان وشەدا لە کرمانجی ناوەڕاست دەردەکەوێت و تێناچێت،[2] هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونیان دەکەینەوە.

**مندالْ ← منالْ**

**مەحموود ← مەحموو**

**چەند ← چەن**

**بڵندتر ← بڵنتر**

**زیادکردن ← زیاکردن**

**مردن ← مرن**

**برد ← بر**

**ئارد ← ئار**

---

[1] دیار عەبدولکەریم سەعید، یاسایێن دەنگی د کوردیا ژۆری دا، ل ٩١.

[2] دولْبەر ئیبراهیم شالْی، هەمان سەرچاوە، ل ٦٣ ـ ٦٧.

**سارد ← سار**

**زەرد ← زەر**

**٦. تێچوونی دەنگی /ف/:**

ئەم حاڵەتەش لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا دەبینرێت، ئەمیش بەهۆی کارتێکردنی دوو دەنگی کپ لەسەر یەکتری، لە ئەنجامدا بۆتە هۆی ئەوەی دەنگی /ف/ تێبچێت، وەکو:

**سەرکەفتن ← سەرکەتن**

**پێشکەفتن ← پێشکەتن**

**ژێکەفتن ← ژێکەتن**

**دەرکەفت ← دەرکەت**

لەم نموونانەی سەرەوەدا لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، بەرانبەر بە دەنگی /ف/ دەنگی / و/ دەنووسرێت و دەردەبڕێت، بەبێ ئەوەی تێبچێت، بە نموونە (پێشکەوتن، ژێرکەوتن، دەرکەوتن،...هتد).

**٧. تێچوونی دەنگی /ه/:**

هەندێجار دەنگی /ه/ تێدەچێت، کاتێ لە سەرەتای وشە لە دوای دەنگی /و، ۆ/ دێت، یاخود کاتێ لە سەرەتای مۆرفیمی دووەمی وشەیەکی ناسادەدا دێت،[1] وەکو:

---

[1]- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، ل ٧٣ ـ ٧٤.

**هورد ← ورد**

**هورِ ← ورِ**

**هۆشیار ← وشیار**

**هەڵهاتن ← هەڵاتن**

**دەرهێنان ← دەرێنا**

**خۆرهەتاو ← خۆرەتاو**

**مێهڤان ← مێڤان**

هەروەها لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، دەنگی /هـ/ زۆرجار لەکۆتایی وشەدا تێدەچێت و ناگوترێت، ئەمەش بۆ ئاسانی دەربڕینە، وەکو:

**پرسگەهـ ← پرسگە**

**دەرگەهـ ← دەرگە**

**زانینگەهـ ← زانینگە**

**شاهـ ← شا**[١]

**٨. تێچوونی دەنگی /ڤ/:**

زۆرجار لە کرمانجی سەروودا بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین و بەهۆی کارتێکەری دەنگەکانی دەوروبەر، ئەوە دەنگی /ڤ/ تێدەچێت، وەکو:

**ئیڤرۆ ← ئیرۆ**

---

[١]- دیار عەبدولکەریم سەعید، هەمان سەرچاوە، ل ٩٦.

**کەڤچک ← کەچک**

**زڤستان ← زستان**[1]

**٩. تێچوونی دەنگی /ک/:**

لە چەند حاڵەتێکی جۆراوجۆردا، دەنگی /ک/ تێدەچێت، لەوانە:

ـ لە نیشانەی نەناسراویدا، چونکە لە زمانی کوردیدا نیشانەکانی نەناسراوی (ێک، ەک، ێ) بەکاردێت، کە (ێ) کورتکراوەی نیشانەی (ێک)ە، وەکو:

**کچێک ← کچێ**

**کوڕێک ← کوڕێ**

ـ لە حاڵەتی وشەی لێکدراودا، بەتایبەتی کاتێک مۆرفیمی دووەم بە دەنگی /ک/ یان / ب/ دەست پێبکات،[2] دیارە ئەمەش بۆ ئاسانی دەربڕینە، وەکو:

**پاک کردن ← پاکردن**

**ڕێک کردن ← ڕێکردن**

**چاک کردن ← چاکردن**

**چاک بوون ← چابوون**

---

[1]- دیار عەبدولکەریم سەعید، هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.

[2]- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ٧٤.

- زۆرجار لەکاتی ڕێزگرتندا لە زمانی کوردیدا وشەی (کاک) بەکاردێنین، بەڵام هەندێ جار دەنگی /ک/ی کۆتایی تێدەچێت و وشەیەکی لێکدراو دروست دەکات، وەکو:

**کاک عەلی ← کاعەلی**

**کاک حەسەن ← کاحەسەن**[1]

**ج ـ تێچوونی نەبزوێن و بزوێن پێکەوە:**

زۆرجار بۆ ئەوەی کەمترین وزە لە ئاخاوتندا سەرف بکرێت، ئەوە وشەکە کورتدەکرێتەوە، ئەمیش بەهۆی تێچوونی زیاتر لە دەنگێک بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین، لەوانە:

**تێچوونی /ئە/:**

لە هەندێ حاڵەتدا تێدەچێت، وەک: جێناوە کەسییەکان، ئەو وشە عەرەبییانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردی بە (ئە) دەست پێدەکەن، لە هەندێ ئامراز و وشەی تری کوردیدا،[2] وەک:

**ئەمن ← من**

**ئەمە ← مە**

**ئەگەر ← گەر**

**ئەبرۆ ← برۆ**

---

[1]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

[2]- بڕوانە: أ ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، جێناو، ل ٩٠ ـ ١٠٤ . ب ـ دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ٧٩ ـ ٨١.

**ئەمیر ← میر**

**- تێچوونی /ئا/:**

لە وشەی لێکدراودا، وەک:

**گائاسن ← گاسن**

**- تێچوونی /با/:**

لە شێوازی ڕێژەی دانانیدا زۆرجار /با/ تێدەچێت، وەک:

**بڕۆیشتبووبامایە ← بڕۆیشتبوومایە**

**بچووبامایە ← بچوومایە**

## سێیەم: پەیدابوونی دەنگ

بەو یاسایە دەوترێت، کە دەنگێک لە پێکهاتەی وشەدا پەیدا دەبێت، ئەویش کاتێک دەنگەکانی زمان دەچنە پاڵ یەکتری، بۆ ئەوەی دانەی گەورەتر دروست بکەن، لەم حاڵەتەدا دەنگێک پەیدا دەبێت، دیارە ئەم پەیدابوونەش چەندین هۆکاری جیا جیای هەیە، وەک:

١- زۆرجار دوو بزوێن دەکەونە پاڵ یەکتری، ئەوە لەم حاڵەتەدا نەبزوێنێک دێتە نێوانیان، چونکە لە زمانی کوردیدا ناکرێ دوو بزوێن بە دوای یەکتردا بێت.

٢- هۆکاری زار و شێوەزار، چونکە هەندێ دیاردە هەیە تەنیا لە هەندێ شێوەزاردا بەدی دەکرێت، بەو واتایەی مەرج نییە لە شێوەزارێکی تردا بەدی بکرێت.

- لە زمانی کوردیدا پەیدابوونی دەنگ دوو جۆرە:-

**أ - پەیدابوونی نەبزوێن:**

**١. پەیدابوونی دەنگی /ی/:**

کاتێک وشەیەک بە بزوێن کۆتایی دێت و نیشانەی ناسراوی (ەکە) یان نەناسراوی (ەک، ێ، ێک) یان نیشانەی کۆ (ان) بخرێتەسەر، ئەوە لەم حاڵەتەدا پێویستی بە دەنگی /ی/ نەبزوێن هەیە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو بزوێنەکە، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکتریدا نایێن، وەکو:

**چرا + ەکە = چرایەکە**

**دۆ + ەکە = دۆیەکە**

**چرا + ەک = چرایەک**

**چرا + ێ = چرایێ**

**چرا + ێک = چرایێک**

**دۆ + ەک = دۆیەک**

**دۆ + ێ = دۆیێ**

**دۆ + ێک = دۆیێک**

**مامۆستا + ان = مامۆستایان**

**برا + ان = برایان**

یاخود کاتێک نیشانەی ئاوەڵناوی نیشانە (ئەو....ە، ئەم....ە) دەخرێتە سەر وشەیەک کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت، ئەوە دەنگی /ی/ نەبزوێن پەیدادەبێت، وەکو:

**(ئەو...ە) + چرا = ئەو چرایە**

**(ئەم...ە) + چەقۆ = ئەم چەقۆیە**

یاخود کاتێک وشەیەک کۆتایی بە بزوێن هاتبێت، و پاشگری دووبارەکردنەوەی (ەوە)ی بخرێتەسەر، ئەوە دەنگی /ی/ نەبزوێن پەیدادەبێت.

**شکا + ەوە = شکایەوە**

**کرا + ەوە = کرایەوە**[١]

---

١- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.

**٢. پەیدابوونی دەنگی /د/:**

هەندێجار لە حاڵەتی بکەرنادیاردا، ئەوە ئاخێوەری هەندێک ناوچە، دەنگی /د/ دەخەنە نێوان ڕەگی ڕانەبردوو و مۆرفیمی نادیاری (ـ ر)، وەک: [1]

**گێڕ + د + ر + ا = گێڕدرا**

**گۆڕ + د + ر + ا = گۆڕدرا**

**٣. پەیدابوونی دەنگی /ر/:**

هەندێجار دەنگی /ر/ دەخرێتە سەر کاری فەرماندان، بەتایبەتی ئەو کارانەی کۆتاییان بە پیتی بزوێن هاتووە، ئەوە لەم حاڵەتەدا جێناوی لکاوی (ە)یش دەردەکەوێت و دەکەوێتە دوای دەنگی /ر/ وەک:

**بچۆ ← بچۆرە**

**بگە ← بگەرە**

هەروەها لە ئاخاوتنی هەندێ شێوەزاردا، مۆرفیمی نادیاری /ر/ بە ئاسانی بەدوای /ڕ/ کۆتایی ڕەگی کارەکە لە بکەرنادیاردا دێت و دەردەبڕێت، وەک:

---

[1] ـ بڕوانە: أ ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم( کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٣٣٧. ب ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بکەر نادیار، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٩٤ ـ ٩٥.

**بڕ + ر + ا = بڕڕا**
**گۆڕ + ر + ا = گۆڕڕا**[1]

**٤. پەیدابوونی دەنگی /ز/:**

لە بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا، کاتێک دوو ژمارە بە ڕێگای کۆکردنەوە لێکدەدرێن، ئەوە لە هەندێ حاڵەتدا دەنگی /ز/ پەیدا دەبێت، وەکو:

**نۆ + دە = نۆزدە**
**سێ + دە = سێزدە**

**٥. پەیدابوونی دەنگی /ه/:**

لە بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا، ئاخێوەری هەندێ شێوەزاری زمانی کوردی لە پلەی ڕێکخستندا هەندێجار (ه) دەخەنە نێوان ژمارە بنجییەکە و نیشانەی (ـ ەم)، (ـ ەمین)ی پلەی ڕێکخستن، وەک:[2]

**دووەم، دووەمین ← دووهەم، دووهەمین**
**چوارەم، چوارەمین ← چوارهەم، چوارهەمین**

---

[1] بڕوانە: أ ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، کردار، ل ٣٣٧. ب ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بکەر نادیار، ل ٩٤ ـ ٩٥.

[2] ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٩٥ – ٩٦.

**ج . پەیدابوونی بزوێن:**

لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا بزوێن پەیدا دەبێت، وەک:

**چار ← چارە**

**دەر ← دەرێ**

**خاڵ ← خاڵۆ**

## چوارەم: گۆڕینی دەنگ

مەبەست لەو دیاردەیە ئەوەیە کە دەنگێکی وشەیەک لە ئاخاوتنی هەندێ کەسدا دەگۆڕدرێت بۆ دەنگێکی تر، بەبێ ئەوەی ئەو گۆڕینە ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

واتە وشەکە لە دوو فۆرم یان زیاتردا بە هەمان واتا دەردەکەوێت، یا هەندێجار دوو فۆرمی وشەکە لە یەک زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لە زارێکی تایبەتدا بەکاردێ.[١]

ئەم یاسایەش بەمشێوانەی خوارەوە دەبینرێن:

### أ . گۆڕینی نەبزوێن بە نەبزوێن

لێرەدا دەنگێکی نەبزوێن بە دەنگێکی تری نەبزوێن دەگۆڕدرێت، ئەم گۆڕانەش لەلایەن ئاخێوەری هەندێ شێوەزار یان ناوچە بەکاردێت.

١. گۆڕینی دەنگی /د/ بۆ/ ئ/:

**دەخۆم ← ئەخۆم**

**دەچم ← ئەچم**

**دەکەم ← ئەکەم**

---

١- محمد معروف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمة)، بەغدا، ١٩٩٠، ل ١١٧.

٢- گۆڕینی دەنگی /د/بۆ/ت/:

**بنیاد ← بنیات**

**سەد ← سەت**

**نەوەد ← نەوەت**

٣- گۆڕینی دەنگی /د/ بۆ/ی/:

**لە دنیادا ← لە دنیایا**

**لەسەرمادا ← لەسەرمایا**[١]

٤- گۆڕینی دەنگی /د/بۆ/و/:

**قەد ← قەو**

**بەد ← بەو**

٥- گۆڕینی دەنگی /د/ بۆ /گ/:

**مەند ← مەنگ**

**دەربەند ← دەربەنگ**[٢]

٦- گۆڕینی دەنگی /و/ بۆ /ف/:

**حەوت ← حەفت**

**مزگەوت ← مزگەفت**

٧- گۆڕینی /و/ ← /م/:

**نیو ← نیم**

---

[١]- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ٩١.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.

**داوێن ← دامێن**

**ئەوڕۆ ← ئەمڕۆ**[1]

٨ـ گۆڕینی دەنگی /و/ بۆ /ڤ/:

**ئاو ← ئاڤ**

**چاو ← چاڤ**

**هەویر ← هەڤیر**

**نەورۆز ← نەڤرۆز**

٩ـ گۆڕینی /و/ بۆ /هـ/:

**وشک ← هشک**

**وشیار ← هشیار**

**ورچ ← هرچ**

١٠ـ گۆڕینی /هـ/ بۆ /ی/:

**تەنها ← تەنیا**

**خواهیشت ← خواییشت**

١١ـ گۆڕینی /هـ/ بۆ /ع/:

**هۆمەر ← عومەر**

١٢ـ گۆڕینی /هـ/ بۆ /ئـ/:

**هەسپ ← ئەسپ**

**هەڵبەتە ← ئەڵبەتە**

---

[1]- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٣.

١٣. گۆڕینی /هـ/ بۆ /ح/:

**هەفتە ← حەفتە**

**هەسپ ← حەسپ**

١٤. گۆڕینی /هـ/ بۆ /خ/:

**هووردە ← خووردە**

١٥. گۆڕینی /هـ/ بۆ /ا/:

**هاریکار ← ئاریکار**

**هاسان ← ئاسان**(١)

١٦. گۆڕینی /هـ/ بۆ /و/:

**هومێد ← ئومێد**

١٧. گۆڕینی /هـ/ بۆ /ئـ/:

**هێنان ← ئێنان**

١٨. گۆڕینی / ئـ / بۆ /ع/:

**ئاسمان ← عاسمان**

**ئەرز ← عەرز**

١٩. گۆڕینی /ئـ/ بۆ /ح/:

**ئەسپ ← حەسپ**

**ئاستەم ← حاستەم**

٢٠. گۆڕینی /ع/ بۆ /ئـ/:

---

١- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٤ - ٩٥.

**عێراق ← ئێراق**

**عەقل ← ئەقل**

٢١. گۆڕینی /خ/ بۆ /غ/:

**باخ ← باغ**

**بناخە ← بناغە**

**خەم ← غەم**

٢٢. گۆڕینی /خ/ بۆ /ق/:

**ئازووخە ← ئازووقە**

٢٣. گۆڕینی /ج/ بۆ /ژ/:

**ئەجداد ← ئەژداد**

**ویجدان ← ویژدان**

**کۆلیج ← کۆلێژ**

٢٤. گۆڕینی /ڵ/ بۆ /ر/:

**ماڵ ← مار**

**دووکەڵ ← دووکەر**

٢٥. گۆڕینی /ج/ بە /ع/:

**حاجی ← عاجی**

**حەمەد ← عەمەد**(١)

٢٦. گۆڕینی /ش/ بۆ /ژ/:

---

(١)- دولٚبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٨ - ٩٩.

**پشدەر ← پژدەر**

**پێشمەرگە ← پێژمەرگە**

**بەشدار ← بەژدار**

٢٧ـ گۆڕینی /ک/ بۆ /گ/:

**بێژینک ← بێژینگ**

**سەرسەنک ← سەرسەنگ**[١]

٢٨ـ گۆڕینی /ژ/ بۆ /ز/:

**ژەهر ← زەهر**

**ب ـ گۆڕینی بزوێن بۆ بزوێن:**

١ـ گۆڕینی /ێ/ بۆ /ا/:

**ڕێبەر ← ڕابەر**

**نێڤ ← ناڤ**[٢]

**نێو ← ناو**

**نێوەند ← ناوەند**

٢ـ گۆڕینی /ێ/ بۆ /ە/:

**پێوەندی ← پەیوەندی**

**پێشکێش ← پێشکەش**

٣ـ گۆڕینی /ی/ بۆ /ە/:

---

١- دیار عەبدولکەریم سەعید، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١١.

**ئیسماڵ ← ئەمساڵ**

**ئیمڕۆ ← ئەمڕۆ**

٤ـ گۆڕینی /ا/ بۆ /ە/:

**ڕێگا ← ڕێگە**

**ئێستا ← ئێستە**

٥ـ گۆڕینی /وو/ بۆ /ی/:

**خانوو ← خانی**[١]

**خاتوون ← خاتین**[٢]

٦ـ گۆڕینی /ە/ بۆ /بزرۆکە ـ i /:

**قەنج ← قنج**

**چەنگ ← چنگ**[٣]

**بە ← ب**

**کە ← ک**

**ج ـ گۆڕینی زیاتر لە دەنگێک:**

١ـ وێ ← ی

---

[١]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ل ٦٤.

[٢]- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی ـ کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٧.

[٣]- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی ـ کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٨.

**خوێن ← خین**

٢- وێ ← ێ

**نوێژ ← نێژ**

**خوێ ← خێ**

## پێنجەم: جێگۆڕکێی دەنگ

مەبەست لەم یاسایە ئەوەیە کە دەنگێک یان زیاتر لە پێکهاتەی وشەیەکدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن، کە دەنگی بڕگەی یەکەم جێگەی خۆی لەگەڵ دەنگی بڕگەی دووەم دەگۆڕێت یاخود بە پێچەوانەوە دەنگی بڕگەی دووەم جێگەی خۆی لەگەڵ بڕگەی یەکەم دەگۆڕێت.

ئەم جێگۆڕکێیەی دەنگیش لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری جیا جیا دروست دەبێت، لەوانە لە نێوان دوو زمان یان دوو زار یان لە زارەکیشدا دەبینرێت.[١]

ئەم جێگۆڕکێیەی دەنگیش هەندێ جار پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، وەک:

| خوێندەوار | نەخوێندەوار |
|---|---|
| **جومعە** | **جوعمە** |
| **ڕوبع** | **ڕوعب** |
| **لەعنەت** | **نەعلەت**[٢] |

[١]- نەسرین فەخری، لێکۆڵینەوەیێک دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردی دا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کوردی، بەرگی سێزدەهەم، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٦٣.

[٢]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ل ١١٨.

جێگۆڕکێی دەنگیش بەمشێوەیەی خوارەوە دابەشدەکرێ:

١ـ جێگۆڕکێی دەنگی لە نێوان دوو زاردا:

**بەفر ← بەرف**

**زیخ ← خیز**

**کن ← نک**

٢ـ جێگۆڕکێی دەنگی لە تاکە زارێکدا:

**بڕوانە ← بنواڕە**

**فڕین ← ڕفین**

**جوێن ← جنێو**

**جگەر ← جەرگ**[١]

٣ـ جێگۆڕکێی دەنگی لە دوو زمانی جیاوازدا:

**جومعە ← جوعمە**

**ڕوبع ← ڕوعب**

**مەدح ← مەحد**

**حکومەت ← حوکمەت**

**وەزع ← وەعز**

٤ـ جێگۆڕکێی دەنگی لەنێو ئەو وشانەی لە بنەچەدا کوردین، وەک:

**یوسف ← وێسف**

---

[١]- دوڵبەر ئیبراهیم شاڵی، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨.

**یونس ← وێنس**

**ملیۆن ← ملوێن**

**ڕادیۆ ← ڕادوێ**

**یۆنان ← وێنان[1]**

---

[1]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

## سەرچاوەکان

١- ئەورِەحمانی حاجی مارف(د)، زمانی کوردی لەبەر رِۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ .
٢- ئەورِەحمانی حاجی مارف(د)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەمینداریێتی گشتی رِۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، .١٩٨٦
٣- ئەورِەحمانی حاجی مارف(د)، رِێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، بەغدا، ١٩٩٨ .
٤- ئەورِەحمانی حاجی مارف(د)، رِێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم( کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠ .
٥- ئەورِەحمانی حاجی مارف(د)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤ .
٦- تاڵیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ .
٧ــ حەمە کەریم رِەمەزان هەورامی، سایکۆلۆجی یەتی خوێندنەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٨ .

٨ـ حەیدەر حاجی خدر، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی ـ لە ڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٠ .
٩ ـ دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی، یاسای دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، بەشی کوردی ـ کۆلیژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٠ـ دیار عەبدولکەریم سەعید هالو، یاساییێن دەنگی د کوردیا ژۆری دا (گۆڤارا بەهدینان)، دەزگای سپیریێز، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١١ .
١١ ـ ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩١ .
١٢ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، کوردۆلۆجی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١ .
١٣ـ طالب حسین علی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٨٩ .
١٤ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ(د)، چەند پیتێکی کێشەدار لە نووسینی کوردیدا، گ. زانکۆی دهۆک، ژ(١)،٢٠٠٤ .
١٥ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ(د)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، هەولێر، ٢٠١٢ .

١٦ــ عەبــدولوەهاب خالیــد موســا، هێــز و ئــاوازە لە دیــالێکتی کوردیی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩ .
١٧. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٤ .
١٨. غازی عەلی خورشید، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠ .
١٩. کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠ .
٢٠. مەسعوود محەمەد، ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (٨)، بەغدا، ١٩٨٠ .
٢١. محمد معروف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمة)، بەغدا، ١٩٩٠.
٢٢. محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی،٢٠٠٦.
٢٣. محەمەد مەحوی(د)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عارەبی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٠ .
٢٤. مەعروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغدا، ١٩٦٢ .
٢٥. نەسرین فەخری، لێکۆڵینەوەیێک دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردی دا، گ.

کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کوردی، بەرگی سێزدەهەم، بەغدا، ١٩٨٥ .
٢٦- نەریمان عەبدوللا خۆشناو، چەند بابەتێکی زمانەوانی، چاپخانەی ئازاد هەورامی، کەرکووک، ٢٠٠٧ .
٢٧- نەریمان عەبدوللا خۆشناو، بکەر نادیار، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٨- نەریمان عەبدوللا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی - کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢ .
٢٩- نەریمان خۆشناو(د)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢ .
٣٠- نوری عەلی ئەمین، ڕابەری بۆ ئیملای کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٦٦ .
٣١- وریا عومەر ئەمین، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، گ. کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی (بیستەم)، ١٩٨٩.
٣٢- وریا عومەر ئەمین، جووتۆکە، ڕ. هاوکاری، ژ.(١١٧٠)، ١٩٩٠/٤/١٦ .
٣٣- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ .
٣٤- وریا عومەر ئەمین(د)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١ .

٣٥ـ وریا عومەر ئەمین(د)، گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، ٢٠١٢ .